# چیمەن وچیا

## دیوانی شێعری

سه یید عه بدولقادر سه یادەت

موته خه لیس به سه یید

فارسی ـ کوردی

۱۴۰/ ۵۰۵

# بسم الله الرحمن الرحیم

۱۸۰ الرحیمی



قەت نەبوو شێعر و ئەدەب بە دەردێکی دڵ دەرمان بکا

خەزنە خۆ ویرانە کەی خۆی ئاوەدان ناکاتەوە

سەید

شمارە ثبت ۱۱۹۰۲
تاریخ ثبت ۹۰/۱۲/۲
PIR ۳۲۵۶
۷۴۳۱۲

**ناوی کتێب: چیمەن و چیا**
**شاعیر: سەید عەبدولقادر سەیادەت**
**بڵاوکەرەوە: ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی**
**« ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی »**
**تیراژ: ۲۰۰۰**
**چاپی یەکەم: ساڵی ۱۳۷۶ی هەتاوی**

# پێرست


تاریفی پێغەمبەر ........ ١
ئیسلام ........ ٢
جێژنی مەولوود ........ ٣
روو لە خودا کە ........ ٤
تیکراری نوور ........ ٥
پاڕانەوە ........ ٦
بە یادی وڵات ........ ٨
ئاوایی تورجان ........ ٨
ئاوایی قاقڵاوا ........ ١١
خانەقای زەنبیل ........ ١١
ئاوایی جەمیان ........ ١٢
تەیارە شکاو ........ ١٦
عەسای پیری ........ ١٩
پەروانە ........ ٢٠
من و بەهار ........ ٢١
کوێستان ........ ٢٣
گوڵی ئاوات ........ ٢٤
گڕوگاڵ ........ ٢٦
بەهار ........ ٢٧
قەسیدەی بەهار ........ ٣٠
چوونەوەی دێ ........ ٣٢
چۆڵەچرا ........ ٣٤
پووڵ و پارە ........ ٣٥
پاییز ........ ٣٨
پەرچەم ........ ٣٩
تاڵ و شیرین ........ ٤٠
بۆ خاڵەمین ........ ٤١

بۆ کاک سەیید کامیلی ئیمامی ........................ ٤٢
جوابی ئاوات بۆ سەیید ........................ ٤٣
لە جوابی حاجی سەیید موحەممەدی نوورانی غالیب ........................ ٤٤
شێعری حاجی سەیید موحەممەدی نوورانی غالیب (بو سەیید) ........................ ٤٥
بۆ غالیب و ئاوات ........................ ٤٦
بۆ مامۆستا سەیید کامیلی ئیمامی ........................ ٤٧
بۆ چلەی ئاوات ........................ ٤٨
عیشقی وەتەن ........................ ٤٩
شینی هەژار ........................ ٥٠
فرمێسکی رژاو ........................ ٥١
بۆ نەخۆشی حەقیقی ........................ ٥٢
سەمەرقەند ........................ ٥٣
بۆ مامۆستا حەقیقی ........................ ٥٤
جوابی حەقیقی بۆ سەیید ........................ ٥٥
بۆ حەقیقی ........................ ٥٦
جوابی حەقیقی ........................ ٥٧
دووبارە لە جوابی حەقیقی دا ........................ ٥٨
یاری خەمخۆر ........................ ٦٠
زستانی خەم ........................ ٦١
یادێک لە تەهای دوور وڵات ........................ ٦٢
یادێک لە هێمن ........................ ٦٣
لە سەر گڵکۆی هێمن ........................ ٦٤
لە جوابی راوچی دا ........................ ٦٦
بۆ کاک موحەممەدی قزلجی ........................ ٦٧
بو کاک جەعفەری قزڵجی ........................ ٦٨
بۆ کورە دوور وڵاتەکەم تەها (تاقانە) ........................ ٦٩
بۆ برایانی دێهاتی(ئاموژگاری) ........................ ٧١
دووبەیتی ........................ ٧١
شنەی بای شنۆ ........................ ٧٢
بەهار لە بەهمەن دا ........................ ٧٣

بەهمەن بەهاری ئازادی ........ ٧٥
هەڵەبجە ........ ٧٧
زەنجیر ........ ٧٩
تەناف ........ ٨٠
جامی جەم ........ ٨١
بەشە گۆشت ........ ٨٢
ئەم دنیا حیزە ........ ٨٣
لە تاو بێ نانی ........ ٨٣
شاری شنۆ ........ ٨٤
کەوی ماڵی ........ ٨٥
زمانی یەکگرتوو ........ ٨٦
بەیبوونی خەت خەتی ........ ٨٧
داری تەقڵە ........ ٨٨
لە زمان سروەوە ........ ٨٩
ڕێبازی ئەوین ........ ٩٠
خەوێکی خۆش ........ ٩١
کەوی کوڵاو ........ ٩٣
دۆستی کۆن وئاشنای تازە ........ ٩٤
منداڵی ناعاملاو ........ ٩٥
ماتەم ........ ٩٦
کوڕبۆ تەنگانان ........ ٩٧
سەفەر بە خێر ........ ٩٨
ئەهلی شاری ........ ٩٩
تەم ........ ١٠٠
چەقەساو ........ ١٠١
برینداره دڵم ........ ١٠٢
زمانی مادەری ........ ١٠٣
سەرمەستی ئەوین ........ ١٠٤
دەنگی مامڵێ ........ ١٠٥
تەرجەمەی شێعرێک لە مەستوورە ........ ١٠٦

چیمەن و نەسیم ................ ١٠٧
دەنگی دوور ................ ١٠٨
ریسوا ................ ١١٠
گوڵی مەحبووبی شەو ................ ١١١
شەمعی مەزار ................ ١١٢
تۆبە ................ ١١٣
ئاورگە ................ ١١٤
هەوای بەهار ................ ١١٥
هەوری رەحمەت ................ ١١٦
کیژی دێهاتی ................ ١١٧
تیر و کەوان ................ ١١٨
پەروانە ................ ١١٩
کازیوە ................ ١٢٠
پەیک ................ ١٢١
لە جوابی کەماڵدا ................ ١٢٢
دەهۆی دوژمن ................ ١٢٣
بەهار ................ ١٢٤
دووبەیتی (بۆ حافزی مەهابادی) ................ ١٢٥
تەخمیسی مەلا غەفوور ................ ١٢٥
لە جوابی دەردە..... ................ ١٢٦
دوو بەیتی ................ ١٢٦
تاک بەیتی ................ ١٢٩
ئەسیر ................ ١٣٣
جەفای زەمانە ................ ١٣٥
دەعوەت ................ ١٣٦
عیرفانی وەفایی ................ ١٣٧
بۆ ئازادی خۆشەویستم ................ ١٤٠
بۆ حاجی سەید جەمیل هاشمی ................ ١٤١
جەفای زەمانە ................ ١٤٢
پاوە ................ ١٤٣

## اشعار فارسی سید:


توحید ........................ ۱۴۷
عید قربان ........................ ۱۴۸
اتحاد ........................ ۱۵۰
شوخی با یک همکار ثبتی ........................ ۱۵۱
تهران سال ۳۲ ........................ ۱۵۳
چادر عفت ........................ ۱۵۴
نان و آب ........................ ۱۵۵
برق ........................ ۱۵۶
دانشگاه آزاد اسلامی مهاباد ........................ ۱۵۸
دانشگاه پیام نور مهاباد ........................ ۱۵۹
در عزای هیمن ........................ ۱۶۰
بیاد هیمن خرداد ۶۷ ........................ ۱۶۱
حلبچه ........................ ۱۶۲
صله ........................ ۱۶۳
گربه عابد نماز کرد ........................ ۱۶۴
فتنه ........................ ۱۶۵
عید در بهاران ........................ ۱۶۶
نوروز در بهمن ........................ ۱۶۷
عید ........................ ۱۶۸
اجل - گل قهری - گل محبوب شب ........................ ۱۶۹
گذشت عمر ........................ ۱۷۰
دیدار عید ح - ب ........................ ۱۷۱
هم نفس ........................ ۱۷۲
شرار ........................ ۱۷۳
سودای وصال ........................ ۱۷۴
قلب ثریا ........................ ۱۷۵
حاصل عمر ........................ ۱۷۶
حدیث دل ........................ ۱۷۷

دام و دانه ........ ۱۷۸
بیگانه ........ ۱۷۹
شمع انجمن ........ ۱۸۰
بت در خانقاه ........ ۱۸۱
قصه مریم ........ ۱۸۲
خط باطل ........ ۱۸۳
سیلاب ........ ۱۸۴
خاکستر ........ ۱۸۵
سلام بر صهبا ........ ۱۸۶
تقدیم به رهی معیری ........ ۱۸۷
موج سرشک ........ ۱۸۸
آرزو ........ ۱۹۰
درد بی دوا ........ ۱۹۱
گریه ........ ۱۹۲
یتیم ........ ۱۹۳
مرگ نرگس ........ ۱۹۴
شمع بزم ........ ۱۹۷
مونس جان ........ ۱۹۸
گذشت عمر ........ ۱۹۹
مهر و مه ........ ۲۰۰
رمز خلقت ........ ۲۰۱
اشک ........ ۲۰۳
ساز خموش ........ ۲۰۴
اسیر ........ ۲۰۵
سیه‌بخت ........ ۲۰۶
آتش خاموش ........ ۲۰۷
کوزه بدست ........ ۲۰۸
یخبندان ........ ۲۰۹
پرستار ........ ۲۱۰
بامداد گل ........ ۲۱۱

پای شکسته ........ ۲۱۲
قطعات رباعیات دوبیتی ........ ۲۱۳
خودساخته ........ ۲۱۵
حسن اقبال ........ ۲۱۶
تک بیتی‌ها ........ ۲۱۷
گله دوستانه ........ ۲۱۸
ماه و ماهواره ........ ۲۱۹
قصه ناگفته ........ ۲۲۰
دختر ترسا ........ ۲۲۱
شب وصال ........ ۲۲۲
در تلاش معاش ........ ۲۲۳
خسته دلان ........ ۲۲۵
عرفان مستوره ........ ۲۲۷
معلم ........ ۲۲۹
سر بی سامان ........ ۲۳۰
گذشت عمر ........ ۱۳۱
شهر ایلام و ارکوازی ........ ۲۳۲
حمیده ........ ۲۳۳
خوشه‌چین ........ ۲۳۴
محرم راز ........ ۲۳۵

# چۆلەچرا

بەعەهدی خۆم ئەمن شەرت بێ وەفاکەم  دەبا هەر بێ وەفابێ ئاشناکەم
ئەگەر ڕۆژم ئەبو کەس ئاشنام نین  هەمو ئاشنان کاکە و براکەم
کەسێکی بێ عەبام ئاخاتە سەرشان  ئەگەر توزێ دڕا شانی کەواکەم
ئەوەی وەک کوێ دەبینی کایە گشتی  کە بێم خەرمانەکەم کاڵی بەبا کەم
لەبەر پەروانە دەورەم چۆڵ ئەبو وەقت  هەتا شوقێکی بۆ چۆڵەچراکەم
دەزانی چەندە چاک بوم من لەگەڵ دۆست  کەچی ئێستا ئەخۆم چاکم نەچاکەم
ئەکونە و یارە گەرد بگرێ دڵی لێم  دەبو گیانیش و ماڵیش فیداکەم
کەچی ئێستاکە هەر ئەو نابرایە  دەڵێ ئەمدیوی نات ناسم براکەم
دەڵێم تەرکی هەمو کەس کەم لەداخا  هەتا مەجبور ئەبم هەر پێیم وراکەم
لە ئاوی چاو ما غەرقم ئەڵێم چی  لە خۆم خنکاوترە خۆ ئاخودا کەم
ئەگەر ڕۆژم ئەبو ڕوی لێم ئەنیە کەس  سەید، وەک ڕۆژپەرستە ئاشناکەم

قەت نەبوو شێعر و ئەدەب دەردێکی دڵ دەرمان بکا
خەزنە خۆ وێرانەکەی خۆی ئـاوەدان نـاکـاتەوە
«سیـــد»

## به ناوی خودا

تـاوێک لێکـدانـەوە و بـەراورد کـردنی دیـوانـی سـەید عـەبدولقادری سیادەت (موتەخەلیس) بە کاک سـەید بـە هـۆی گـرنگی بـابەتەکـانی ئـەم دیـوانـە نـموونەیەک لێکۆڵینەوەی هەر دوو بەشی کوردی و فارسی‌یەکەی وەبەر چاو دەخەین .

ئـەم شـێعرانـە بـە تـێکڕایـی روبـاعی، دوو بـەیتی ، غـەزەل ، قـەتعە، قـەسیدە، موخەممەس، فەرد و ..... دەستی باڵایان هەیە لە وریا کردنەوەی ئەدیب و خوێندەوار.

بابەتی هێندی لە مەبەستی شێعرەکانی بریتین لە باسی هونەر و عـیلم و زانست و ئەدەب، وەرزێری و ئابووری ، دڵداری ، پیاهەڵدان ، لاواندن ( عـیرفان و تـەسەووف ، دیانەت)، سروشت ، بیری وڵات ، وەسفی بەهار، لە خودا پاڕانەوە و ستایشی ( حەزرەتی رەسوول (ص) ، تەنگ و چەڵەمە و گیرەکانی خەڵک و بە تایبەت رەنجکێشان و هێندی شێعریش بۆ شەوچەلەی دۆستان و ئاشنایانە .

شێعرەکانی تینێکی باش دەدەن بە گیان و گڕی دەروون بە هـۆی ئـەوە کـە لەگـەڵ راستی هەست و سەرچاوەی ئیلهام و سروشت پێوەندی‌یان هەیە . هێندێ لە شێعرەکان غەزەلن و پەپوولەی دڵداران بە دەوریاندا باڵ لێدەدەن، بە چاو تەماشای دەکەن و بە زبان دەیلێن و بە دڵ پێوە دەبن، وەک دەستە شێعری تەناف کە شێعری هەوەڵی ئەوەیە :

**لەو هەموو زولفە رەشەی تۆبەسە تەنیا داوێ**

**بۆ مەلی بێ پەڕ و پۆی دڵ کـە تـەنافی نـاوێ**

لە چـەن شـێعرێکی دەردەکـەوێ کـە لە تـەمەنی رابـردووی خـۆیدا بـە شـارەزایـی و کارامەیی‌یەوە تاڵ و سوێری زۆر چێشتووە و بواری تاقی کردۆتەوە و لە بارەی فەرهەنگ و ئابووری و قازانج و زەرەری جۆر بە جۆری خەڵک و جیاوازی چینایەتی لە نێویاندا تەجرەبەی وەرگرتووە و شێعرەکانی کردۆتە ئاوێنە بۆ دیتنی زۆر مەبەست لە نیو قەڕنی ئاخردا و وێنەی دڵ پڕ لە پەرۆش و داخی خۆشی لە بابەت هێندێ شتی ناحەزکە دیویە،

تێیدا دیاره و هەروەها خۆشحاڵیشی لە پیرۆزی و سەرکەوتنی مرۆڤ لە نێویاندا دەبینرێ کە دەڵێ :

**بـه تـهران مـردمان صاحب عـلم و هـنر دیـدم**
**کز اینان مـلک ایـران سـربلند و مـفتخر دیـدم**
**اگــرچـه شـهر تـهران مـظهر نـور و صـفا بـاشد**
**ولی بس تـیرگی را در مـیانش مســتتر دیـدم**
**بــزیر آن عــمارت کـاسمانش زیــر پـا دارد**
**هـزاران بـی کـلاه و کـفش را از پـا و سـر دیـدم**
**بــهر جــا خســتهٔ نـالان یـتیمی بـی نـوا گـریان**
**زسوزش آتشم برجـان زاشکش دیـده‌تر دیـدم**

لە کاتی خوێندنەوەی شێعرەکان دەبینرێ ئەم دیوانە رووبارێکی سەرسام ئاوەرە و باس و بیر و رایە جۆر بە جۆرەکانی هەر یەکە جۆگەیەکی زانست و پێویستی زۆرە،

جاری وا بووە کاک سەیید تەماشای دەور و بەری خۆی کردووە و بەرگی مێژووی هەڵداوەتەوە بۆ ئەوە بزانێ لە هەوەڵەوە خانووی ئینسان لە کوێ بووە و چۆن لە غارەوە گەیشتە کورەی مانگ و ئەستێرە بەرزەکان.جاکەوتۆتە فکری ئایەی :

(( هل یستوی الذین یعلمون والذین لایعلمون)) و لەو رووەوە بۆی روون بووە کە خوێندەواری سەرفەرازی و سەربەرزی تێدایە و هیچ ئینسان و گەلێک بە پلەی بەرز و مەرام ناگات و ناتوانێ باڵ لێدا بە سەر زەوی و دەریا و کوراتی ئاسماندا مەگەر بە هۆی عیلم و زانستەوە.

**بال دانش گـر نـباشد فکـر را پـرواز نـیست**
**شعله کی برخیزد از با یک دمی دمساز نیست**
**گـرچـه دانشگـاه بسیار است در عـالم ولی**
**همچون دانشگاه اسلامی که انسان ساز نیست**

جارێکیش لە تەلان و بەرباڵ و دەشت و مەزرا و جووت و گاو تراکتۆر و کمپانی ورد

بۆتەوە و ئایەی :((افرایتم ما تحرثون اانتم تزرعونه ام نحن الزارعون))ی وەبیر کەوتۆتەوە جا لێرەدا هۆشی داوەتە سەر باسی خەریک بوونی کاروباری ئابووری، سەنعەت و کەشاوەرزی کە مایەیی رابووردنیی باش و خۆشبەختی هەر گەلێک لە دنیادا و ئا لەو رووەوە جا بە زبانی شێعر ئەم مەبەستە گرینگە بە خەڵک را دەگەیەنێ کە من قازانجی خۆم لەو شوغڵەدا دەبینم بە هومێدی خودا و ئێوەیش بیری لێ بکەنەوە.

**بە هومێدی خودا و پێغەمبەر**
**گەر تەمەن مابێ رۆژێ دێتەوە باو**
**دەبمە جووتێری کشت و کاڵی زەوی**
**دەبمە وەرزێری دەست و پەل قەڵەشاو**
**دەستی ماندوو لە سەر زگی تێرم**
**دادەنێم جا دەڵێم براله سڵاو**

دیوانی کاک سەیید لە بارەی عیلمی بەلاغە و سەنایعی ئەدەبی‌یەوە لیپاولیپ و پڕە و بە شێوەیەکی رێکخراوی جوان و پتەو دارێژراوە و بە راستی لە شێعرە پێشکەوتووەکان دەژمێردرێن و لە دوارۆژدا رووناکبیرانی نەتەوەکەمان کەلکی زۆری لێ وەردەگرن ئەمە چەن نموونە:

مەجازی عەقڵی - لە مەسرەعی دووەم و حەقیقەتی عەقڵی لە مەسرەعی ئەوەڵ دا

**هست امید در این مرحله کز لطف خدا**
**گوشهٔ چشمی بما داشته باشد دوران**

مەجازی مورسەل - در سبزه و گل تسمیه سبب به اسم مسبب

**ابر رحمت چو ببارد بچمن سبزه و گل**
**خشک هرگز نشود از غضب باد خزان**

تەشبیە:

**من كە وەستاوم وەكوو كێوێک لەبەر دەرد و خەما**
**كێووكوێستان قەت سەری نابێ بە هەوروتەم نەبێ**

لەم شێعرەدا چەن تەشبیە هەیە:

١ – تەشبیەی موتلەق لە مەسرەعی هەوەل

٢ – تەشبیەی مەلفوفە دەرد و خەم هەر یەک موشبەهن و هەور و تەم موشبەبیهن.

٣ – تەشبیەی موجملە چونكە وەجهی شبهی لەو دا نەكوتراوە.

۴ – تەشبیەی مورسلە بە هۆی ئەوە كە ئەداتی تەشبیە لە رستەدا هەیە.

ئیستعارەی مەكینە:

**چەمەن خەملیوە كوێستان سەوزە دار هاتۆتە گوڵ كردن**
**بەهارە پێی بڵێن با ئاڵە كۆكیش پرچی هەڵپاچێ**

ئاڵە كۆک موشبە و چاو بە خومارێک موشبە بە قرتاو و پرچی هەڵپاچی قەرینە و لەم هۆنراوەدا سەنعەتی تجاهل العارفیش هەیە جوانیانی كە پەیوەندیان بە مەعناوە هەیە.

ئیهام:

**هەر كەسێ دەهات نانی دەدایە**
**هەر بە من نۀدا سەی زادە خانم**

تجاهل عارف :

**چەمەن خەملیوە كوێستان سەوزە دار هاتۆتە گوڵ كردن**
**بەهارە پێی بڵێن با ئاڵە كۆكیش پرچی هەڵپاچێ**

جوانیانی كە پەیوندیان بە وشەوە هەیە.

تەزمین :

**یە هوی لا تەقنەطو من دڵنیا بووم**
**لە شک دانیم بە عەهدی تۆ وەفای تۆ**

**له خـۆم نـەزدیک تـری بـۆ مـن بـڵێم چـی**
**چـــلۆن نـــاڵەی دڵم نـــاگـــاتە لای تـــۆ**

تەجنیس :

**شـــەویش بـــێ هـــەر دەڕۆم مـن روو بـە ئـاسۆ**
**ئـــەگـــەر ئـــەستێرەیەک هـــەڵبێ لە ئـــاسۆم**
**ئـــەگـــەر رۆژم نـــەبوو رووی لیـــم نـیە کـەس**
**ســـــەیید وەک رۆژ پـــــەرستە ئـــاشناکـــەم**

لە کۆتاییدا بە کورتی ئەوی شایانی باسە و پێویستە بکوترێ ئەوەیە کە لە بارەی پێوەندی کۆمەڵایەتی‌یەوە بە هەست و بیر شاعیرانەی کلاسیکی لەعل و مرواری و جەواهێراتی وشەی رەسەنی زبانی شیرینی ناوچەی مەهاباد، بۆکان، جمیان و تورجانی بە هەودای هەڵبەست هۆنیویەتەوە

کاک سەیید وشە و رستەی بەرز و جوانی لە قالب و چوارچێوەی شێعر خستووە و بە جەواهێراتی رەوانبێژی و سەنایعی ئەدەبی رازاندوویەتەوە بۆ ئەوە کە لەو قاب و دفرەدا ئاوی حەیاتی مەعانی بە کەلکی رزگاری و دروستکاری تێدا بدا بە دەست بێ بەشان و زەحمەتکێشان و لاوانی گەلی خۆی تا لە توونیەتی نەجاتی‌یان بێ و لە هەورازی ژیاندا بتوانن سەرکەون و بە خۆشی و تیژ و پڕی و سەربڵندی بژین.

مەبەستێکی‌تر، حەقیقەت ئەوەیە ئەهلی فەن و زانا و ئەدیب بیر و بڕوایان وایە کە قەسیدە کامل و تەواو عەیار بە جۆرێکە تەشبە وتەخەلوس و شەریتەی تێدا چاوەدێری کرا بێ ئەوە نیشان دەدا کە هەر شاعیری لە پلەی هونەری شێعر و شاعیریدا بتوانێ قەسیدەیەکی وا بێنێتە سەر کاغەز دەبێ بە ئەستێرەی پڕشنگداری ئاسمانی ئەدەبیات نێوی ببردرێ و قەسیدەی ئاوا کامل لە دیوانی کاک سەیید دا وەبەر چاو دەکەوێ وەکوو قەسیدەی بەهار کە هەوەڵ شێعرەکەی ئەمەیە:

**بـــەهارەکـــاتی گـــوڵ وفـــەسڵی چـــوونی ســـەحرایـــە**
**وڵات بـــــەهاری بـــــەهەشتە کـــــە جـێی تـــەماشایە**

وە هەر وەها کاک سەیید ئەگەر چی بەشی زۆری شێعرەکانی لە سەبکی کلاسیک دایە بەڵام وەبەر چاو دەکەوێ کە لەم راستایەش هەنگاوی زیاتر ناوە و دەتوانین بڵێین ئیبتکاری بە خەرج داوە و شێوەیەکی تازەی لە شێعردا بە کار هێناوە وەک شێعری گوڵی ئاوات کە مومکینە ببێتە رچە بۆ داهاتوو.

والسلام - محەممەد سەعید ئیبراهیمی

# پێشەکی

من کەسێک نیم کە بەسەرهات و سەرگوزەشتی من بۆ کەسانی دیکە جالیب و سرنج راکێش بێ، مەگەر بۆ ئەوانەی کە بە تایبەتی دەیانەوێ بزانن سەیید کێ‌یە و چی بە سەر هاتووە، رەنگە من بە سەرهاتی خۆم بۆ خۆم بنووسم باشتر بێ لەوەی کەسێکی دی بینووسێ. چونکە من خۆم باشتر دەناسم لە هەموو کەس و مەترسی ئەوەشم نیە کە ئەگەر دۆستێک بینووسێ و منی زۆر خۆش بوێ لەوەی کە هەم زیاترم هەڵکێشێ کە پێم نەگاتە عەرزی . یا خوا نەخواستە پێم بلێ«مامۆستا»، چونکە بە راستی زۆر کەمترم لەوەی پێم بلێن«ماموستا» مامۆستایی پلەیەکی زۆر بەرزە. شانی من بۆ ئەو عابایە نابێ. ئەگەرچی لە دێهاتە خۆشەکانی خۆمان بە هەر دارتاشێک، کە تەنیا بزانی نیر و ئامووری برا جووتێرەکان داکوتێ و دروست بکا، پێی دەڵێن مامۆستا!

من نێوم سەید عەبدولقادر، شۆرەتم سەیادەتە، کوڕی ناونجی مەرحوومی حاجی بابە شێخم ، لە ساڵی ١٣٠٨ ی هەتاوی لە دێیەکی پڕدار و درەخت بە نێوی (جەمیان) کە لە مەڵبەندی تورجاندایە لە دایک بووم. تا تەمەنی هەشت نۆ ساڵی لەوێ بووم و لە پاشان ماڵمان چۆتە دێی تورجان. ئەوەی لەم تەمەنەدا بیستوومە، لێم دەگێڕنەوە و بۆ خۆشم برێکم لە بیرە، ئەوەیە: زۆر بزۆز و بە عەرزەوە نەوەستاو بووم. جارێک لاقێکم سووتاوە. بۆ ماوەیەک بە هەنگڵەشەلێ رۆشتبووم. لەوەوە پێیان کوتووم، تەیارە شکاو . نازانم کە ئەو وەختە نە تەیارەی ساغیان دیوە و نە شکاو یا هەر نێویان بیستووە، تەیارەی شکاویان

چۆن هاتوتە بەر چاو و من چۆن لە تەیارەی شکاو چووم ؟!

لە مەدرەسەی علوومی دینی تورجان کە ئەو وەختە زانسگایەک بووە لە کوردستانا، دەستم کردووە بە خوێندن، چەند سالێک سوختەفەقێ بووم. لە پاشان کە بوومە موستەعید لە خزمەت باوکم و لە خزمەت چەند مامۆستای بە ناوبانگی دێیەکە کە لە مەدرەسەی تورجان دەرسیان دەکوتەوە، دەرسم خوێندووە و لە دوای ساڵانێکی دی لە تاران لە خزمەت مامۆستای گەورە و بەرێز، جەنابی حاجی (شێخەلئیسلامی) کوردستانی کە ئەو سەردەمە مامۆستای دانشکەدەی مەعقوول و مەنقوول بوو لە تاران ئیجازەنامەی عیلمیم وەرگرتووە.

لە ماوەی لاویمدا کە زۆر هەڵدەسووڕام و هەدا دانم نەبوو، لاقی چەپەم تووشی نەخۆشی یەک هاتووە، چونکە دوکتۆرەکانی ئەو سەردەمە نەخۆشینەکەیان نەناسی تا دەرمانی بکەن، دوو سێ ساڵ هەر کەوتوو رەوتوو بووم. لە پاشان چوومە تەورێز، بەینێک موداوام کرد بە داخەوە لەوێش نەخۆشینەکەیان نەناسی و بە هەڵە چوون، پێیان وابوو لاقم لە جێ چووە . لە رووی ئەم فکرەوە دوکتۆر موجیری مەولەوی کە ئەو سەردەمە رەئیسی نەخۆشخانەی شێروخورشیدی ئەودەم بوو لە گەڵ پیاوێکی شکستەبەندی مەحەلی دێن و بێ هوشم دەکەن و بە خەیاڵی خۆیان لاقم دێننەوە جێی خۆی. بەڵام بۆ بەدبەختی من بەشێکی جومگەی لاقم دەشکێنن و بە جارێک گردەنشینیان کردم. ئەم بە هەڵە چوونی موعالەجەیە بوو بە هۆی ئەوەی کە چەند جاری دی لە سەر لاقم عەمەلی جەراحی بکرێ و جار لەگەڵ جار خراپتریان دەکرد تا لە ساڵی ٥٦ ی هەتاوی لە تاران بۆ ئاخرین جار لە بیمارستانی ئاریا عەمەلیان کردەوە، لە دوای ئەم عەمەلە ئێستا، کەمێ باشترم. بەم بەمجۆرە ئەگەر بیخەمەوە سەر یەک زیاتر لە پازدە ساڵ باشترین و بە نرخترین تەمەنی جوانیم لە نەخۆشخانان دا رابواردووە و لە بەر ئەوەی کە لەم مەودایەدا گردەنشین بووم و جم و جۆڵم کەمتر بووە تووشی نەخۆشینی دیکەش هاتووم کە بە بەر نەخۆشی لاقمەوە داو و دەرمانم کردوون و تا ئێستاش هەر دەیکەم . بەڵام بەختەوەرانە تووشی نەخۆشی واگیردار واتە ( لێگرتنەوە) نەبووم کە لەبەر چاوان ببێزێم. لەم تەمەنەدا کە نەخۆش و دەردەدار بووم، سەرەڕای ئەوەش تووشی تەنگ و چەڵەمەی زۆر و مەترسی گیانیش

هاتووم که لازم ناکا سەری ئێوەی پێوە بێشینم .

ماوەی پیریشم ئەمەیە کە هەمە. بەشی زۆری ناخۆشیەکانی کاتی جوانیم هەر ماوە و دەردی پیریشی لیٚ زیاد بووە بەڵکە شتێکیش زیاترە ئەویش ئەوەیە کە لەم سالاٚنی دواییدا لەگەڵ چەند هاوریٚ تووشی زیندان و مەیدانیش هاتم کە ئێستا و ئێستاش نە من زانیم و نە کەس زانی کە هۆی ئەم زیندان و مەیدانەم چ بووە .

لە دەورانی ناخۆشینەکانمدا ژنم هێناوە یان باشتر بلێم ژنیان بۆ هێناوم. بەم کارە باریان لیٚ قورستر کردووم و کردمیانە بارەبەرو بەرێوە بەری ماڵ و منداڵێش. بەم جۆرە زەحمەتی بە خێو کردنی ماڵ و منداڵێش بوو بە ریشەوە کە ئێستا ریشم بە تەواوی نەهاتووە .

بەم جۆرە تەمەنی لاویم رۆیوە و تەنیا بیرەوەرییەکی تاڵ و دڵتەزێنم بۆ ماوەتەوە ئەو وەختە کوتوومە :

**با درد و غم عمر جوانی گذرد**
**یا رب نشود چو من جوانی ناکام**
**این است در ایام جوانی حالم**
**تا چون گذرد بدرد پیری ایام**

ئێستا لە دوای سی و چەند ساڵ کە ئەو شێعرەم کوتووە دەڵێم براله خراپ دەگوزەریٚ لە مەو لاوەش نازانم چۆن دەبیٚ . ئەو هەموو مەینەت و چارەرەشییە بۆتە هۆی ئەوەی نەمتوانیوە هەڵبەستەکانم بە جوانی کۆ کەمەوە بەشی زۆری ئەو سەردەمە کوتوومە لە ناو چووە.

لە بیرمە رەفیقە فەقێکانم و دۆستەکانم ئەوانەی کە ئەهلی زەوق بوون و شێعریان پێخوش بوو دەهاتنە لام و دەیانگوت: تاگۆڕ بەگۆڕ نەبووی چی تازەت کوتووە بماندەیە. منیش کە درێخم لیٚ نەدەکردن بەلاٚم ئەو وەختە نە من عەقڵێ ئەوەم هەبوو نوسخەیەک لە شێعرەکە بۆ خۆم رابگرم، نە ئەوان ئینسافی ئەوەیان هەبوو روونووسی بکەن و نووسراوەکەم بدەنەوە. بەو جۆرە زوربەی شێعر و هەڵبەستەکانم لە ناو چوون. لەوانە تا ئێستا چەند هەڵبەستێکم دەست کەوتۆتەوە، چەند شێعرێک لەوانە برای ئازیزم کاک

(نەجمەدین ئەنیسی) لە نێو دیوانەکەی جەنابی گەورەم (سەید کامیلی ئیمامی) کە خەریکی ڕێک و پێک کردنیان و چاپ کردنیان بوو بەرچاوی هاتبوو، مالێ ئاوا ، نوسخەیەکی لەوانە دامەوە. ئەمەش بڵێین ئەو شێعرانە کە کەوتبوونە دەست مامۆستا ئاوات لە بەر باشی شێعرەکان نەبووە کە ڕاگیرابوون، لە بەر ئەوە بوو کە ئەو پیاوە گەورەیە منی خۆش دەویست و زۆریش بە بیر و هۆش بوو. وەکوو دەڵێن گیا هەر بە جێی سەختەوە دەمێنێ .

شێعر کوتن هەمیشە بۆ من بۆتە هۆی دەردی سەری و تەنگ و چەڵەمە . چونکە بەشی زۆریان ئینتیقادی، ئیجتیماعی بوون و لە ئاکارێکی دژی کۆمەڵ بوو بێ بە جۆرێک ڕەخنەم لێگرتووە. جا ئەوانەی مەبەستەکە پێی ئەوانی گرتۆتەوە لێم ڕەنجاون و لە هەر فرسەتێکدا بۆیان هەڵکەوتبێ هەولیان داوە کۆسپێک بخەنە سەر ڕێم .

بۆ وێنە هەوەڵ جار کە بۆ موعالەجە چوومە تاران و تارانم لە پێشدا نەدیبوو، شارێکی گەورە و خۆشم هاتە بەرچاو. چەند ڕۆژێک کە تێیدا مامەوە زانیم ئەو شارە بۆ زوربەی دانیشتوانی ناخۆشی زۆرترە لە خۆشی، و لە بن دیواری ئەو کۆشکە گەورانەدا هەزاران ڕووت و قووت و پێخواس و هەناسە ساردی لێ کەوتووە و کەس نیە دەردێکیان دەرمان بکا . ئەمە بوو بە هۆی ئەوە شێعرێکم کوت و وام لە بیرە دام بە گۆواری (امید ایران) کە ئەو سەردەمە لە تاران دەردەچوو. یەکێ لە بەیتەکانی ئەمە بوو:

**بزیر آن عمارت کاسمانش زیر پا دارد**

**هزاران بی کلاه و کفش را از پا و سر دیدم**

ئەم شێعرە کاتێ لە گۆوارەکەدا چاپ و بلاو بۆوە، وا دیار بوو لە ئەفکاری عمومی ئەو سەردەمەی دانیشتوانی تاراندا شوێنی زۆری هەبووە و بە دڵخوازی خۆیان مانایان لێداوەتەوە ، ئەوەش بە جیا بوو بە هۆی گرفتاری و نارەحەتی‌یەکی زۆر بۆ من .

من هەر لە تاران بووم، لە نەخۆشخانەی (دوکتور عەبدوللا واسیعی) کە ئەو دەمە لە شەقامی ژالە بوو کەوتبووم و لاقم لە گەچ گیرا بوو. پیاوەکانی ساواک بە شوێنمدا هاتن و لە دوای لێپرسین و بازجوویی‌یەکی زۆر بە تکای دوکتور واسیعی ئەو کاتە دەستیان لێ هەڵگرتم . بەلام لە پاشان بۆ ماوەی چەند ساڵ هەر بە دوامەوە بوون و سەریان لە سەر

هەڵنەدەگرتم، تا خوا لە ناوی بردن .

لەگەڵ ئەم هەموو نەخۆشی و تەنگ و چەڵەمەیە بەینا بەین هەر دەمخوێند و موتاڵام دەکرد، بەڵام چونکە خوێندن و موتاڵاکەم تەگەرەی زۆر تێدەکەوت، دەبێ بڵێم زۆرم خوێند و کەم فێر بووم.

هەر لەو هەوەڵێ لاوی و فەقێیەتی‌یەوە ، عەلاقەم بە شێعر و ئەدەبیات زۆر بوو شێعری حافیز و سەعدیم دەخوێندەوە. ئەگەرچی کەمتر لە مانایان حاڵی دەبووم، بەڵام عاشقی شێعری نالی و مەحوی بووم. بە زەحمەتێکی زۆر ئەم وەختە دیوانەکەیانم وەدەست هێنا لە هەر فرسەتێکدا بە دزی و فزی لە کون و کاژێران دەمخوێندەوە و چونکە بە زمانی خۆم بوون پێم خۆش بوون و لە ماناشیان دەگەیشتم.

ئێستا خەریکم ئەوانەی کوتوومن لە کۆن و تازە خڕیان کەمەوە. ئەگەر بەخت یاریم بکا لە چاپیان بدەم. ئەگەر ئەمجاریش لێم لە ناو نەچن ، چونکە جارێکی دیش بەشێکی زۆر لەو هەڵبەستانە و هێندێ کتێب و پەڕتووکی دیشم کە زۆر لە لام بە نرخ بوون بە تەرەف چون. دەسەڵاتم نەبوو بڕێکیان بۆ گریام و کوتم :

**خەرمانەکەم کە رۆیی بە سێلاوی حادیسات**

**ئێستاکە خۆڵ وەسەر دەکەم و کا بە.با دەکەم**

ئێستا کە پیر و شکستم و تەیارەی ساغ و شکاویشم دیوە، دەزانم تەیارەی شکاو مانای چیە . شوغلێ ئێستام سەردەفتەری‌یە و تەنیا وەسیلەی ژینی خۆم و ماڵ و منداڵەکانمە . خوا نەیبڕی باشە .

**٦٤/٩/١٠ مەهاباد سەیید عەبدولقادر سەیادەت**

# تاریفی پێغەمبەر

ئـەی داوەرەکـەی رۆژی جـەزا ئـەحمەدی مـوختار
ئـەی مەخزەنی ئەسراری خـودا سەروەر و سەردار
ئەی نـووری خـودا شەمسی هـودا مەزهەری لەولاک
پـەروانـەیی رووی تـۆیە هـەموو سابت و سـەییار
تـۆ مـەتلەعی وا بـەدری مـونیرێکی بـە عـالەم
شـایستەیە بـۆت بـبیە هـەموو مـەتلەعی ئـەقمار
ئەی کـەعبە ئەتۆ بوتکەدەیەک بووی و موحەممەد
تـۆی کـردە سـەفاخانەیی دڵ، قـیبلەیی ئـەحرار
سـایەی نـەبووە خـۆ قـەد و بـاڵایی مـوحەممەد
مـەهتابە بـە رووناکـییە سایەی بـە شـەوی تـار
هـەر کـەس کـە لە ژێر سایەیی تۆ دا بێ خـەلیلە
چـارەی چـیە ئـاور کـە نـەبێتە گـوڵ و ئـەزهار
بـەحری کـەرەمی تـۆ نـەبێ غـەرقم لە گـوناها
نـایشواتـەوە گـریانی مـن و جـۆششی جـۆبار
بـەم بـاری گـوناهانەوە هـاتوومەوە دەرگـات
تـرسم نـیە گـەر رۆژی جـەزا تـۆ بـی تکـاکـار
بـۆ خـزمەتت ئـەمجارە دلم نـاردووە قـوربان
تـا کـەنگێ خـودا پـێمی دەدا نـۆبەتی دیـدار
بـۆنی پـەرە دەستێنێ وەکـوو مـیسکی مـوکەڕڕەر
نـێوت کـە دەبـا سـەییدی دڵ خـەستە بـە تـیکرار

# ئیسلام

ئیسلامە جیلوەکەی کە لە دڵدا بدا قەرار
ئاوێنەیی جەلا دەبێ قەت ناگرێ غوبار
وەک ڕۆژ بووە مەداری جیهان ئەو کەسەی کە بوو
دەورانی جاهیلی دڵەکەی ڕەش وەکوو دەوار
ئیسلام دەڵێ کە مافی من و تۆ وەکوو یەکە
تەقوایە ئیمتییاز و تەقەلایە ئیعتیبار
لەو دینەدا بە حوکمی عەداڵەت بەرابەرن
هەر میللەت و نەژاد و ڕەگەز عەشرەت و تەبار
هەر قودرەت و شکۆیە لە خزمەت گەلا نەبێ
بێ قەدر و بێ بەهایە وەکوو پووشی بێشەزار
ئیسلامی ڕاستین ئەگەر ئەوڕۆ پیادە بێ
سوار و پیادە یەک دەکەون دەبنە هاوقەتار
سفرەییێکی پڕ غەزایە لە ئەرزایە ڕاخراو
بێ بەش نیە لە خواردنی ئەو خوانە مووروومار
هەنگوێنی شیرنە کە بە تەبعی هەموو کەسە
بەو شەرتە تێکەڵاوی نەبووبێ لە مار ژار
لەو دینەدا میلاکی عەمەل کار و کۆششە
زاڵم زەلیلە زۆر نیە هەر موفتەخۆرە خوار
ڕۆژێ دەبێ نەمامی عەداڵەت چرۆ بکا
شین بێتەوە وەکوو لە بەهارا چڵی چنار
ئەو دارە ڕیشەدارە کە ئیسلامی پێدەڵێن
ئەو جۆرەیە شیاویە دوو بارە بێتە بار
سەیید هومێدی وایە کە کەم کەم بگاتە جێ
هەر چەندە خۆی پیادەیە یاران هەموو سوار

# جێژنی مەولوود

شەوی جێژنە و سەرم سەودائییە و سەودا سەرم ئەوشۆ
ئەمن غەرقی سەفا و عیشقی رەسوولی سەروەرم ئەوشۆ
لەپێ کەوتووم و دەستیشم بە داوێنی حەرەم ناگا
لە بەختی خۆم برا تەیرێکی بێ باڵ وپەڕم ئەوشۆ
شەوی جێژنە و هەموو کەس هەڵدەگیرسێنێ شەمێک و من
لە سایەی ئاوری دڵ شەو چرای سەد ئەختەرم ئەوشۆ
دڵێ بڕژاو و فرمێسکی رژاوو جەرگی هەڵقرچاو
دەبێ فریام کەون زوو ببنە یار و یاوەرم ئەوشۆ
بە ئاوی زەمزەمیش حوکمی تەهارەت نادرێ بۆ من
مەگەر ئەشکی گەشی چاوم ببێتە داوەرم ئەوشۆ
شەوی جێژنە و بەڵام هیچم نیە بیکەم بە قوربانی
بەڵێ خۆم و دڵم بۆ گاوو گەردوون حازرن ئەوشۆ
برا رێگەی وەفام گرتۆتە پێش بارێم نەکا بێشم
لە رێی ئەودا دەبێ بڕوا لە باتی پێ سەرم ئەوشۆ
لە چاوما وێنەکەی زەوزە ئەگەر نەخشی نیە بۆ چی
لە هەر لایە دەبینم دێتەوە بەر مەنزەرم ئەوشۆ
نەسیم هەستە بڕۆ بۆو جێیە ماچکە مەقدەمی و بێژە
لە لایەن سەیدەوە من قاسیدی نامەبەرم ئەوشۆ

# روو لە خوداکە

تـــۆزی حـەسەد و کـینە لە رووی سـینە جـیا کـە
بــەم وێـــنەیە ئــاوێنەیی دڵ کـــاکــە جـەلا کــە
وەک سەرو ئـەگـەر بـەرگ و بـەرێکت نـیە بـۆ کـەس
بـــێ پـێچ و پـەنا راست و رەوان روو لە سـەماکـە
دڵ رەش مـەبە بـوغزی ئـەم و ئـەو مـەگرە لە دڵدا
وەک بــاخی بـــەهەشتە دڵی بـــێ کـینە بـراکــە
ئەو عەهدە کە بەستووتە لەگەڵ خۆت و خودای خۆت
سـەد جـار کـە شکـاندووتە یـەکـەم جـارە وەفـاکـە
گـەر چـاکـە بـرا خـزمەتی ئـەم خـەلقی خـودایە
خۆت خەلقی خودای چاکە لەگـەڵ خـۆت بکـە چـاکـە
داوێـــن مـەتەکـێنە لە بـەر ئـەسرینی دوو چـاوم
هەر چەندە بە خـوێن سـوورە بـەڵام گـەوهەری پـاکـە
دنـــیا کـە شکـاندی دڵەکـەم پشـتی لە مـن کـرد
بــۆ جـەبری هـەموو کـەسری سـەید روو لە خـودا کـە

# تیـکراری نوور

وەک رۆژی روونـە شـەو مـەهـ و ئـەختەر مـوحەممەدە
تــیکراری نــوورە یــا خــۆ مــوکەڕڕەر مــوحەممەدە
ئـەو کـەهکەشانی نــوورە کــە دەخــولێنەوە هـەموو
لەو نـــێوەدا مـــەداری مـــونەوەر مـــوحەممەدە
بـەو نــوورە لاچـوو پـەردەیی زوڵمـەت لە سـەر دڵان
ئــەمشۆ تــلووعی مــەزهەری ئـەنوەر مــوحەممەدە
ئـەو نــوورە وا قــەوامــی بــەشەر پـێی دەبـێ قـەوی
ئـــیسلامی راســتینە کـــە رابــەر مـــوحەممەدە
بـــۆ (ئـــینتیزامـــی) عــالەمی هــەستی زەروورەتــە
نــوقتێکی ئــیتیکا کـــە مـــوقەدەر مـوحەممەدە
پـێغەمبەران ئـەگـەرچــی وەکـوو سەنگی قـیمەتین
سـەنگین تـرە لەوان وەکـوو گـەوهەر مـوحەممەدە
ئـەو حـەلقەیەی مـەداری نـیزامـی لە سـەر سـەرە
لەودا نگـــینی خـــاتەمی ئـــاخر مـــوحەممەدە
بـێ یـار و یـاوەرم ئـەگـەر ئـەورۆ لە سـەر زەوی
جـێی غـەم نـیە کـە یـارم و یـاوەر مـوحەممەدە
سـەیید مـەترسە گـەرچـی بـە بـاری گـوناهەوەی
لەو دادگـــای عـــەداڵەتـــە داوەر مـــوحەممەدە

# پاڕانەوە

خـــودا چ بـڵێم لە وەسفت دا وەهـای تـۆ
بــە هــەرچـیت مـن بشـوبهێنم جـیای تـۆ
لەگــــەر هـــەر زەڕڕەیـــەکدا تـێکەڵاوە
ئـــیرادە و قــودرەت و خـەلق و بـەقای تـۆ
هــەموو مــەدحت دەکەن هەریەک بەجۆرێ
ئـەوی مـەوجوود لەسـەر ئەرز و سەمای تـۆ
بـــەڵام قـــەت نـاگـەنە چـۆنی سـورشتت
کـە دەریـای بـێ بـنە جـیلوە و جـەلای تـۆ
لەوە زیــــاتر لە مــــەدحتدا بــڵێم چـــی
کـە مـن مەخلووقی تـۆم یارەب خـودای تـۆ
نـــەئیشێک بـێ ئـیشارەت دێـتە بـەر لەش
نــەهیچ دەردێک شـفای دێ بـێ دەوای تـۆ
ئــەگــەر دەرد وبـــەڵات پـێخۆشە بـۆمن
لەگـــیانی مـــن کـــەوێ دەرد وبـەڵای تـۆ
بـــەهۆی (لاتـــقنطوا) مـــن دڵـنـیا بـــووم
لەشک دا نـــیم بـەعەهدی تـۆو وەفـای تـۆ
مــــن وبــــاری گــــوناهان و خـــەتای زۆر
ئـــەتۆ و دەریـــایی بـەخشین و عـەتای تـۆ
بـــەڵێ بـــاری گــرانــە سـووچ و تـاوان
بـــــەڵام لێـــبووردنم هــاسانە لای تـــۆ

خـودا رەحـمی بکـەی بـۆ دڵ پـەشیوان
هـەموو هـاتوونە ژێـر سـایە و پـەنای تـۆ
لە ئـاسۆی بـەرزی سـەبرم تـێپەڕیوە
سکـاڵایە دەکـەم بـۆ بـارەگـای تـۆ
بـە قـەترێک شـین دەبـێ تـۆوی تـەمەننام
لە دەریـای رەحـمەتی بـێ ئـینتیهای تـۆ
بـە تـۆفانی ژیـان کـەشتی شکـاوم
لە هـەر گـێژاوەیـەک دا نـاخودای تـۆ
بـرینداره دڵی شـەو زیـندەداران
هـەناسەی سـاردیان گـەییە لەقـای تـۆ
لە خـۆم نـەزدیک تـری بـۆ مـن بڵێم چی
چـلۆن نـاڵەی دڵم نـاگـاتە لای تـۆ
شـەوی رەش پـەردەکـەی لاچێ لە سەرمان
سـبەینیمان بگـاتە شـەوچرای تـۆ
لەوە زیـاتر قـەڵەم یـاری نـەکـردم
بـە سـەیید نـاکـرێ حـەمد و سـەنای تـۆ

## بە یادی وڵات

کـــــەوتەوە بـــیرم یـــادی وڵاتــــم
یـــانەی ئـــامانجم جـێگەی ئـاواتـــم
ســـــروەی نـــەسیمی هــۆی هـاناومە
تـۆزێک لەو خـاکـە سورمەی چاومە
وەتــــەن ئـــەی جـێگەی راز و نـیازم
سەر بـەرزییەکـەی تـۆ لە خـوا ئـەخوازم
دنـــیای رابـوردووم ئـەهاتە بـەرچـاو
مــەوجی خــەیاڵات وەک شـەپۆلی ئـاو
لەرێـــدا لامـــدا مـــاڵی بـــوداقـــی
لە بـــنەماڵی کــۆن ئــاسارێک بـاقی
قـــەڵای قـــەدیمی چـــۆڵ و ویـرانـــە
«کـــوندە بـــوو تـێیدا کـردوویە لانــە»
چــــاوم روون بـــۆوە دڵم گــــەشاوە
کە دیم دۆستەکـەم سـەر زیـندوو مـاوە
پــــیاوی بـــنەماڵە بشـــبێ ئـــاوارە
نـــەجابەت هـــەروا لە سـیمای دیـارە
یــــاخوا بــــنەماڵ نــــەکــــەویە زەوی
جــەوری زەمــانە نـەتکا سـەر نـەوی

## ئـاوایی تورجـان

کەوتمە رێ و رۆیم بەرەو رووی تورجان
ســـــەرم ســــەودایـــی دڵم پـــەرێشان
دەشت و کـەژ و کـێو سەوز و رەنگینە
دەڵێـی بـەهەشتی سـەر رووی زەمـینە

چـیا هـێند جـوانـە سـەر سـوڕ دەمێنێ
هــەڵاڵە و بــەیبوون بــا دەیشــەکـێنێ
لە قــەراخ ڕێگــا بــەردی گــەورە و زل
«کە چەرخی چەپگەرد پێی نـەداوە تـل»
لە کـەنار جــادە گـیای شـلک و کـەوتوو
پــــێ پــــێ پــێشێلی ڕێــبوار و مــاندوو
دڵ خـــەیاڵاوی دەروون پـــڕ لە خــەم
نـــازانـێ ڕێگــا زۆر ڕۆیــوی یــا کــەم
ئـــاخر گــەییشتمە نـێو ئـاوایـی دێ
بــــەخەیاڵ بــڕۆی ڕێ زوو دوایــی دێ
کـــۆڵانەکـــانی پـڕ لە پـیر و جــوان
شان دەسوێ لە بـەر هـاتۆچۆی ئـینسان
کانی قـۆنگرەش هـەر وەک خـۆی مـاوە
ســـەرچـــاوەی ئـاوی لێ نـەشڵەقاوە
کــــچە تــــورجــانی مــاڵیان بـێ ئـاوا
لە کــــانی ڕۆ ژیـــان لێ نــابێ ئـــاوا
وەک ئاسکی کێوی بـە جـیلوە و جـوانـی
هــەر لەوان جــوانــە هــاتوچۆی کــانی
دەچـــووە ســەر کــانی زۆر دەمــایەوە
هـــەر گـێژی ئـەخوارد ئـاو بـەلایەوە
حەوشەی مزگەوتێ و بـەردە نـوێژەکـان
بـانک دەکـا بـۆ نـوێژ پـیاوی مـوسوڵمان
جــەمات دانـیشتوون لەو سەر بـەردانـە
نــوێژی خــوایــان کــرد بــووە بــەهانە

پیران لەگەڵ یەک جحێڵان بە جوێ
هەر کەس بە هەوای دڵی خۆی ئەدوێ
پیران بە یادی رۆژی رابوردوو
لاوان بە فکری کاتی نەهاتوو
لە هەموو جۆرێک خەڵکی تێدا بوو
هەر مەلا و فەقێی تێدا نەمابوو
مەدرەسەی تورجان خۆی لە زەمانا
زانسگایەک بوو لە کوردستانا
مەدرەسەکانی چۆل و نائاوا
بریا کوێر بووبام نەمدیبا ئاوا
بەڵام سەد شوکر کاک عەبدولعەزیز
زانای ئایینی و مامۆستای ئازیز
بە هەر جۆر نەیهیشت چۆڵ بێ ئەو جێیە
شێخ و قزڵجی هیوایان پێیە
هەر چەند ئەم چەرخە چەپ خولایەوە
بە خوێنی جەرگی ژیا و مایەوە
گەرچی زەمانە دەستی ویشی بەست
ئەو سەنگەری خۆی بەرنەدا لە دەست
تەنیا ئەستێرەی ئاسمان لەو ناوە
رووناکایەکی بێ ئەو ماوە
گەوهەری دەریای عیلم و عیرفانە
دەبێ هەروا بێ جێگاکەی کانە
یاخوا بمێنێ تا دێر زەمانێ
هەر چەند زەمانە قەدری نازانێ

## ئـاوایی قاقـڵاوا

چـــوومە قـــاقڵاوا مـــاڵی ئـــیمامی
دەردەدارێک چـــوو بـــۆ دەوای زامـــی
مـــامۆستای گـــەورە و بـــەڕێز و زانـــا
وێـــنەی کـــەم مـــاوە لە مـــوکریانا
ئـــەستێرە گـــەشەی بـــەری بـــەیانە
بـــە جـێ مـاوە لە ڕێـی شـەوی ژیـانە
هـەر چـەن جـێگاکـەی چـۆڵ و کـەنارە
مـانگ لە هـەر لایـەک هـەڵبێ دیـارە
مـــاوە لەو دێـــیە ئـــەو زانـــای نـــامی
قـــاقڵاوا جـــامە و ئـــیمامیش جـــامی

## خانەقای زەنبیل

خـانەقای زەنـبیل جـێی عـیشق و ئـاوات
بـــۆنی بـــەهەشتی خـــوای لێ ئـــەهات
کـــابەی ئـــاماڵە ئـــەو بـــارەگـــایە
جـــێی ڕاز و نـــیاز لەگـــەڵ خـــوایـــە
دەنگـــی تـــەهلیلەی سـۆفی شـەوانـە
عـــەرشی خـــوایـــان دیـــنا جـــۆلانە
لە خـــــانەقادا گـــەلی دەروێشـــان
ســـەریان شـــۆریدە دڵـیـــان پـــەرێشان
لە وەخـــتی زیـکـرا دەروێش دڵ ڕیش
پـــرچـــی وەک دڵی پـــەرێشان دەروێش

دەروێش و سۆفی زوار و خوێی
هەر کەس سەری خۆی هەڵگرت و ڕۆیی
ئەوەی بە وەفا و خاوەن کەرەم بوون
هەر کۆترەکانی دەورەی حەرەم بوون
ئەوانیش فڕین روو بە هەوا بوون
ئەوانیش وەک من سەر بە هەوا بوون
لە دۆستەکانی خوا کەس نەما
خوا خۆی ماوە بە تاقی تەنیا
چ جێیەک بچم دڵ لێی بە جێ بێ
من بچمە کوێی دی بۆنی وی لێ بێ

## ئاوایی جەمیان

چوومەوە جەمیان مەوتەنی کۆنە
تاکوو بزانم ئێستا چلۆنە
دەر و دۆڵ هەموو گوڵ و شینایی
پێی روون دەبۆوە هێزی بینایی
لە هەر لاخڕێ خوڕەی ئاوڕوون
زەمزەمەی عیشقی لەیلێ بۆ مەجنوون
دیتم ناو دێکە وەک خۆی نەماوە
ماڵێک ئاوەدان ماڵێک کەلاوە
ئەو دێیەی باغات دەورەی لێدا بوو
وەک باغێک دەورەی پەرژین کرا بوو
باغ و دێ هەر دوو رووبە وێرانی
شوێنێک نەمابوو لە جیلوە و جوانی

یەکێ لە یاران یاری قەدیمی
دڵی گەشاوە ئەوساتەی دیمی
ئەمنی دی و کوتی دنیا هەر وایە
هەر ڕۆژە لە دەس خاوەنێ دایە
خەم مەخۆ دنیا زۆرتری ماوە
ئەمڕۆ کە دەڕوا سبەینێش باوە
هەموو ئاشنا ئەهلی ئاوایی
سەرخۆش و ڕوو خۆش بە مەرحەبایی
بەعزێکیان نەبێ لە نێو واندا بوون
من نەمدەناسین لە ئاشناش دەچوون
لە پاشان زانیم ئەمانەی دەمدین
کوڕی ئەوانەن کە زوو دەمناسین
چوومە مزگەوتێ گشت لاخرا بوو
وەک ماڵەکەی من بێ خاوەن مابوو
بێ بانگ و سەلا چۆڵ و ویرانە
بۆتە مەکۆگەی گورگی شەوانە
نەعوز و بیللا لەو ڕۆژ و کاتە
خوداش هەر وەک من بێ دەسەڵاتە
خودا ئەفەرموێ مزگەوت ئی منە
خۆم دەیپارێزم لە شەڕ و فیتنە
بەڵام کێوەکان هەروا گەردن کەش
«ئاسمانی شینیان گرتۆتە باوەش»
سەر لوتکەی کێوی عاسمان بو لاغی
هەروەک خۆی سەرکەش لە خودایاغی

رووتــە هـەر وەک خـۆی بـڵند و بـەرزە
بــە بـــای حـــەوادیس نـــایەتە لەرزە
رووتـەم پـۆشتە دی لە گـوڵ و سـەمەندا
هـــەر دەڵێـــی ســـەروە لە نـــێو چـەمەندا
هـــەر شت وەکـــوو کـێو پـتەو بـمێنێ
جـــەوری زەمـــانە تـــێکی نـــاشکێنێ
بــاغی بـــەرماڵان چـــۆل و وێـرانـە
کـــوندە بـــۆش نـــاکـا تـێیدا هـێلانە
ئـەو بـاغەی چـاوی پـێ روون دەبـۆوە
هـــەر دەبـــوو گـــوڵی بکـەی بـە بـۆوە
ئـــێستا لەو هـــەموو گـــوڵ و ســـونبولە
وەدەس هـــێنانی گـــوڵێک مـــوشکولە
هـــەر جـــۆرە مـیوێک دڵ بـیویستایە
لەوێ بـــوو ئـەگـەر لە ئـــیرەم نـەبوایـە
دارە تـــووەکـــەی قـــەراخ ئـــاوایـــی
وەک داری تـــووبا بـــە نـــرخ و بـــایی
ســـەر و لقشکـــا و کـــۆتەرەی مـاوە
ئـافـەت لـێـی داوە لـە هـەمـوو لاوە
بـــەلام ریشـــەکـەی لە دڵی ئـەرزایـە
بـــە زۆری ئافەت لە ریشـــە نـــایە
رۆژی دەیـــــبینی دەبـــــووژێتەوە
لق و پـــۆپەکـــەی شـــین دەبـێتەوە
دار یـاسەمەنی نـاو بـاخچەکـەی مـن
تـــەنیا ئـــەو مـابوو نـەهاتبوو لە بـن

ئەویش مام رەشید وەک ماڵی زەوتی
لە بەر خاتری خۆی پارازتوویەتی
ئەهلی ئاوایی مشت و مڕیانە
لە سەر لێفەکەی مەلا شەڕیانە
پیرە پیاوەکەی لە دەست و دووچوو
لە قەراخ باخی وەک کەلاک کەوتوو
هەناسەی سارد و دووکەڵی قلیان
وەک مژ لە سەری چین چین هەستان
ئەوەش نیشانەی جەوری زەمانە
رۆژی رەش ئێستاش ماویە نیشانە

## تەیارە شکاو

بە منداڵی دایە پیرێک    پیر و ژیرێک ڕۆشن بیرێک
بە خێوی کردم بە جوانی    تا نەمرد قەدرم نەزانی
هەزار زەحمەتی بۆ کێشام    هەزار مەینەتی بۆ چێشام
بە شەو هەتا مەلا بانگدان    شەونخوونی، هەدا نەدان
بە ڕۆژدا هەتا ئێوارە    خستمیە سەر دارە دارە
قسەی دەخستمە سەر زمان    تا زمانم گرت بە قسان
وردە وردە سەر پێ کەوتم    بۆ خۆم ڕۆیم و ڕێکەوتم
چڵ و فڵ و شێت و بێعار    دەس بریندار پێ بریندار
هەر ئەوەی برسیم نەبوایە    چم نەدەویست لەو دنیایە
لە پاشان لەگەڵ فەقێیان    لە حوجرەی شاران لە دێیان
دەرسم دەخوێند دادەنیشتم    زۆرم خوێند کەم تێگەییشتم
کۆترێکم بوو خونچیلانە    دەرم دێنا لە هێلانە
هێندم لە دار و بەرد دابوو    کۆتر باڵێکی شکا بوو
دایە پیرە بە قاوە قاو    لە دووم دەهات هەنگاو هەنگاو
پێی دەکوتم کۆتری باڵ قرتاو    توند مەڕۆ تەیارە شکاو
ئێستاش نەمزانی بە تەواو    چۆنی من هاتبووە بەرچاو
تەیارەی خۆ قەت نەدیبوو    هۆی ئەم نێو لێنانەی چی بوو
ئێستا کە زل بووم دەزانم    چۆن بە سەر دەچوو ژیانم
تا لاو بووم قەدرم نەزانی    سوودی چییە پەشیمانی
ئێستا کە زل بووم بوومە پیاو    پیاوێکی سەر بە خۆ و تەواو
بوومە هۆنەر بوومە نووسەر    بوومە خاوەن کتێب و دەفتەر
لاتان وایە زۆر تەواوم    نەک نیوە پیاو تەواو پیاوم

بەڵام نەخێر نەبوومە پیاو　　پیاوێکی سەربە خۆ و تەواو
بوومە نۆکەری هەموو کەس　　نۆکەری هەر کەس و ناکەس
ئەورۆ ژیان زۆری دەوێ　　رەنجی جۆر بە جۆری دەوێ
من بۆ خاتری ژیان مردووم　　دەبێ بمرم هەتا زیندووم
سەرمایەی ژینم لە دەس چوو　　لە دەس چوو هەر چی بوو نەبوو
بۆ ئەوەی ژیان بەرمە سەر　　خراپ کەوتوومە دەردی سەر
عەسای دەستی ئەم و ئەوم　　هەر سەرە تەقەمەو ناسرەوم
چۆڵە چرای شەوی ژینم　　بەڵام بەر پێی خۆم نابینم
پێپلیکانی سەر کەوتنم　　پێشیلی دۆست و دوژمنم
پێ لە سەر سەرم دادەنێ　　جا خۆی بە منەوە رادەنێ
ئاوا نۆکەری هەموانم　　بۆ خۆشم بە خۆم نازانم
وا دیارە ئەو دایە پیرە　　ئەو رۆشن دڵە بە بیرە
دەیزانی چم لێ بە سەر دێ　　دەیان خەتەرم وەبەر دێ
بە پیری گرفتار دەبم　　لەش بە بار و بیمار دەبم
ئێستا کۆتری باڵ قرتاوم　　راستە تەیارەی شکاوم
لە ئارەزووی نەماو دەچم　　لە شینایی بێ ئاو دەچم
لە پەپوولەی سووتاو دەچم　　لە شەمی هەڵگیرساو دەچم
لە ماڵی تێک تەپاو دەچم　　لە خانووی لار و خاو دەچم
لە گڵکۆی کەس نەماو دەچم　　لە جەرگی هەڵقرچاو دەچم
حاڵی ئێستای من ئاوایە　　چی دیش دەبینم لە دوایە
ئێستا پیر بووم دڵ شکستەم　　بۆ قەفەس باشم پەڕ بەستەم
یا خوا پیر بن ئەوەی جوانن　　تا دەردی پیری بزانن
بریا قەت گەورە نەبووبام　　هەر منداڵی دەورەی زووبام
چم لە دنیا نەزانیبا　　هێندەم مەینەتی نەدیبا
گەورێک زەحمەتی بۆ دیبام　　بۆ خۆم هەر نەدیو بدی بام

ئـــێستاش گـــوێم دەزرنگـــێتەوە قســـەی دایـــەم بـــیر دێـــتەوە
کـە دەیگـوت کـۆتری بـاڵ قـرتاو تـــوند مـــەڕۆ تـــەیارە شکـــاو

# عەسای پیری

پیرو نەخۆش و خەستە، عەسام گرت بە دەستەوە
جوانی لە کوێیە پێم بڵێ (سەید) هەڵستەوە
هەستانەوەم بە لوتفی عەسای زولفی یارمە
تایەک ئەگەر لە زولفی کە چی،بێ بە دەستەوە
هەر چەندە دڵ کە بەستە بە زنجیرەی پەرچەمە
بەندی دڵی پساوی بە تاڵی نەبەستەوە
من وا لە بیری خزم و کەسان چوومەوە برا
پیریش منی وەبیری کەسانم نەخستەوە
باری دڵم ئەگەر چی گرانە بە دەرد و خەم
هاسان بە موویەکی سەری زولفیم دەبەستەوە
دەرمانی دەردەکەم بە کەمێ تۆزی پێیەوە
گەر بێتە لام بە عیشوە بە دوو چاوی مەستەوە
دەردی دڵم سەیید بە دروستی لە گوێ نەگرت
ئێستا کە ماوەمەوە بە دڵێکی شکستەوە

# پەروانە

دڵا تاکەی خول و ریسوات ببینم
هەمووی هەر شێت و هەر شەیدات ببینم
لە دەوری شەمعی رووی ئەو دلستانە
وەکوو پەروانە بێ پەروات ببینم
هەموو ئاوات و ئومێدم ئەتۆ بووی
ئەمن قەت نەمدەویست ئاوات ببینم
نەدڵ گەرمی نە چاو سۆمایی ماوە
بە دڵ گەرمی هەتا سیمات ببینم
گوڵم هەر شین و واوەیلامە بۆ تۆ
هەتا کەی شین و واوەیلات ببینم
گوڵم من تۆم دەوێ ئازاد و سەربەست
شنەی لەرزانەوەی باڵات ببینم
سەرم سەودائییە ئەورۆکە سەیید
چ خۆشە گەر سەری سەودات ببینم

## مـن و بەهـار

ئـەو کـاتە بـای وەعـدە کـزەی شـەماڵێ
پـوش و پـوار لە رووی چـەمەن دەمـاڵێ
وەدەر دەخـا خـونچە لە یـاسەمەندا
شـەبەق دەدا شـەونم لە نـێو چـەمەندا
پـێم خـوشە هـەر لە دوور بـاڵای‌ببینم

وەختێک نەسیم دەستێک بـە دڵدا دێـنێ
بـۆ سـاتێک دڵ خـەمی تـێدا نـامێنێ
رانـاوەستێ فـرمێسکی گـەش لە چـاودا
داهـاتی دڵ هـەموو دەدا بـە ئـاودا
پـێم خـۆشە هـەر لە دوور بـاڵای بـبینم

بەهار بۆ من شەوی رەشە و بەختی رەش
شەونم بۆ من خوێنی دڵە و ئەشکی گەش
بـەهار بـۆ مـن خێر و خۆشی نـاهێنێ
هەر ئارەزووی دوور و درێژ پـێک دێـنێ
پـێم خـۆشە هـەر لە دوور بـاڵای بـبینم

ئـاخر بـەهار رۆژێک بـەشی مـنیش دێ
رۆژێک دوایی شەوی رەشـی مـنیش دێ
بـۆم دەخـوێنێ بـە دڵ بـە بـێ قـەراری
روو بە رووی من بولبول قومری قـەناری
پـێم خـۆشە هـەر لە دوور بـاڵای بـبینم

خۆ من ئێستا ئەو نازدارەم نەدیوە
لەو باخەدا ئێستا گولم نەچنیوە
خۆ نازانم گوڵی سوور و خونچەی ئاڵ
چۆن دەنوێنێ لە پشتی پەردەی دەسماڵ
پێم خۆشە هەر لە دوور باڵای ببینم

مەگەر شەماڵ داوێن بکا بە لادا
هەوری رەشی لە سەر رووی رۆژی لادا
وەلا بەرێ دەسرەی لە مل هاڵاوی
وەدەر کەوێ خاڵ و خەتی نەخشاوی
پێم خۆشە هەر لە دوور باڵای ببینم

خەیاڵ ئەوی خستۆتە بیر و هەستم
من بەو مەیەی نەمخواردووە پێی مەستم
ترسم هەیە ئەوەی دڵم دەیخوازێ
وا جوان نەبێ لەگەڵ دڵم نەسازێ
پێم خۆشە هەر لە دوور باڵای ببینم

ئەستێرەیەک هەڵدێ لە ئاسۆی ژینم
بەڵام سەید من پیر بووم و نابینم
ئەستێرەی ژین و ئاواتم بە جارێ
ئەو هەڵدێ ئەم لەگەڵ دەچێتە خوارێ
پێم خۆشە هەر لە دوور باڵای ببینم
با کۆن نەبێ هیوای تازەی ئەوینم

# کویستان

ئەو چیا سەر بەرزە گەر گۆشێکی کوردستان نەبێ
نەمدەویست خێری نەبوو بۆ من ژیانی ژان نەبێ
ئەی وەتەن تۆی و دلم زنجیری دەستوو پێی منن
مەرگە بۆ من گەر ژیانی من لە کوردستان نەبێ
من لە مەیدانی حەوادیسدا سەرم دانا برا
گۆلە مەیدان ناچێتە دەر وەک مەوجی سەرگەردان نەبێ
دەشتی کوردستان بەهەشتە بۆو کەسانە لێی دەژین
لالە و بەیبوون بەلام شین نابێ تا کوێستان نەبێ
کەس نەبوو فرمێسکێ بۆ من هەلوەرێنێ جار و بار
بۆ شەوانی بێ کەسی من شەمعی سبحەینان نەبێ
بەو پەرێشان حالێیە بووم سەد گرێشم کەوتە دلێ
خاترم جەم نابێ شانە زولفی ئاوێزان نەبێ
کەس نەبوو دەردێک لە من دەرمان بکا لەم رۆژەدا
هەر ئەوەندەش باشە بۆ خۆی دەردی بێ دەرمان نەبێ
ئەو کەسەی وەک گیان نزیکم بوو لە من دووری دەکا
رەنگە پێی وا بێ هەموو شتێکم هەیە هەر گیان نەبێ
حاسلێ ئەم سالەشم وەک سالەکانی دی نەبوو
غەیری رەنجی بێ نەتیجە و ئێشی دەست و شان نەبێ
مینەتی دنیا بە پووشێک ناگرم لەم کاتەدا
من کە خەرمانم هەموو کا بێت و دەخلێ و دان نەبێ
هەر بەلاییکی لە ئاسمان دێتە خوارێ بۆ منە
هەر دەلێی عەرزی خودای لێ قات بووە جەمیان نەبێ
رەسمی کۆنەی ئەم زەمانە زالمە وایە (سەیید)
کەی بەلادی غەیری بۆ بێ سووچ و بێ تاوان نەبێ

# گوڵی ئاوات

گوڵێکم بوو کە عومرێک خزمەتم کرد و بە هیوای بووم
کە ڕۆژێک شین ببێت و سەر لە خاکی تیرە دەرهێنێ
ئەمن هەر چاو لە دوای ئەو بووم

هەوەڵ جار دەنکە تۆوێک بوو بە سەد ئاوات لە چاڵم نا
بە ئاوی چاوی خۆم دەمداشت بە پێی ئاوو هەوای ئەو بووم
هەموو ڕۆژ هەلۆدای ئەو بووم

ئەوەندم تێ ڕوانی بوو ڕوا لەو جێگەیە چاوم
هەتا ئەو دەنکە تۆوە ئاخری شین بوو سەری دەرخست
من ئەمجار دڵنیای ئەو بووم

هەموو ڕۆژێک لەگەڵ ئەو شین بووە ڕاز و نیازم بوو
ئەمن هاورازی ئەو بووم یاری ئەو بووم با وەفای ئەو بووم
ئەمن پەرژینی ئەو بووم و پەنای ئەو بووم

وەکوو منداڵی پێ ڕۆ دارە دارەی کرد و ڕاوەستا
هەموو کاتێک بە ڕۆژدا شاهیدی نەشوو نمای ئەو بووم
بە شەودا شەوچرای ئەو بووم

بەڵێ هەر چاوەڕێ بووم تاکوو خونچەی کرد و گوڵ پشکووت
کوتم ئاواتی من وا هاتە دی با تێر تماشای کەم
کە عومرێک من فیدای ئەو بووم

بەڵام ئەو رۆژە گەردوون وەک هەموو جار کەوتە سەرسەختی
منیش هەر چاوەڕوانی هاتنی فیتنە و بەڵای ئەو بووم
ئەمن خۆم موبتەلای ئەو بووم

لە پڕهەورێکی دڵ رەش ئاسمانی گرتە ناو باوەش
برووسکەی داو بە توندی هاتە خوارێ رێژنەیەک تەرزە
ئەمن ئەو کاتە لای ئەو بووم

گوڵێ ئاواتی جوانی تێک شکاند و کەوتە سەر ئەرزی
ئەوی عومرێک بە هیوای خونچەو بەرگ و گەڵای ئەو بووم
بە داخ داری عەزای ئەو بووم

دەبێ تاوانی چی بووبێ کە وا بەم جۆرە پەڕ پەڕبێ
گوڵێکی وا بە شەونم تازە لێوی ناسکی تەڕ بێ
دەڵێ گەردوون؟ خوداگیری خودای ئەو بووم

بەڵام ریشەی لە ئەرزایە گوڵی من بۆ ژیان ئامادە بە دیسان
لە ریشە نایە بەم تەرزە دوبارە گوڵ دەکا رۆژێ
دەزانم ئاشنای ئەو بووم

ئەمن ئەمجارە بۆ خۆم دەبمە چەتری سایەبانی ئەو
لە باوەش خۆمی دەگرم تاکوو سینگی من سپەر بێ بۆی
ئەگەر سەد جاری دیکەش من فیدای ئەو بووم

# گـڕوگـاڵ

دەمـێکە زەمـزەمەی شـێعری تـۆم لە گـۆی نـایە
لە گـولّشەنی دڵەکـەم نـادرێ شـنەی بـایە
نـەسیمی سـوبحدەمی پـێدەوێ دڵی تـەنگم
کـە خـونچەیی مـەدەدی ئـەودەمی بـزەی نـایە
مەسافی شێعرە نـە مـەیدانـی بـەزم و لاف و گـزاف
قسـەم لە بـاسی سـەرە نـەک لە بێ سـەر و پـایە
هـە چـی دەبـینم بـابۆڵەکـەی لە هـەڵبەستە
بـرا چ بـاسە مـەگـەر شـێعر نـان و هـەلّوایـە
هـەتا کـوو کـاڵە لە پـێم دا نـەبوو بـە سـەد لەتـەوە
لـە رێـی گـەیشتنی ئـامانج نـەگـەیمە ئـەم پـایە
کـەسی نـیە کـە لە بـازاری عـیشق سـەر بکـەوێ
کـە دانـەنێ سـەر و تـا دڵ نـەکـاتە سـەرمایە
هـەزار کـوێرەوەری دیـتە ڕێ بـرا مـەجنوون
هـەتاکـوو ئـەشکێ دەڕێـژێ بـە یـادی لەیـلایە
لەبـاخی تـەبعی هـەتا لالە شـین دەکـا هـونەر
هـەزار داخـی دڵ و دەردی دیـتە ڕێگـایە
بەشێعری خۆش دڵەکەم خۆش دەبێ و دەکا گڕوگاڵ
بـە دەنگـی زەنگـوڵە مـنداڵ لە خـەو دەکـا دایـە
بـەهار دێـتەوە زسـتانی مـاوەکـەم مـاوە
کـە ئـاڵەکـۆک لە ڕنـوو بـەفری بـێتە حـاشایە
هـەلّالّە سـوێسنە مـوژدەی بـەهاری دێـننەوە
بـە داخـی لالەوە بـولبول دەچـێتە سـەحرایـە

بــە ئــاوی چــاوی دەدێــرم بــرا لە هــەر لاوە
گــوڵێکی بــۆ دڵی مــن شــین بــبێ لە هــەر لایــە
بــە یــادی تــۆوە وەهــا مــن هــەمیشە مــەشغووڵم
بــە بــێ ســەدا لە دڵمــدا هــەرایــە هــوریایە
بــنای وەفــا پــتەوە چــون حــەقیقی‌یە مــیعمار
(سەیید) ئەگەر چی کــە شــاگــردە نــیمچە وەستایە

# بەهار

بەهارە تازە ئەما فەسڵی سارد و سەرمایە
هەموو پەژارە دەڕۆن کاتی خۆشی لە دوایە
لە قاسپە قاسپی کەوان دەنگ ئەداتەوە کەژ و کۆ
لە هاژە هاژی خڕان دەنگی دی لە گوێ نایە
لە داخی دووری زستان نیە رنوو دەگری
لە حەیفی کاتی بەهارە لەگەڵ وی پێ نایە
لە دەنگی قاز و قورینگان لە نێو چەمەنزاران
ئەوەندی گوێ دەگرێ هەر هەرایە هوریایە
ئەما بە بولبولی شەیدا قەرار و ئارامی
دەرەونەوە لە فڕەی باڵی ئاسکی سەحرایە
لە سەر چەمەن گوڵی نەسرین و لالە دەستەملان
دەڵێی لە کۆشکی مرادان و بووک و زاوایە
لە بەر بناری چیاکان لە کیژ و کوڕ پۆل پۆل
دەڵێی فریشتەن و هاتوونە سەیری دنیایە
بە ئارەزووی بەهاران بە سەر دەچێ زستان
بەهار ئەگەرچی هەزار ئارەزووی لەگەڵ دایە
بەهار هاتەوە بیری دەڕۆنە مەڕ دۆشین
جحێڵەکان بە گەمە دێنەوە لە مەزرایە
چ خۆشە کاتی بەهاران دەمی وەنەوشە چنین
بە چەپکە بیخەیە رێبازی سەر و بالایە
بڕێژی ئەشک بە داوێنیا هەلێرێژێ
لە دەرد و مەینەتی دووری ئەوەی لە دڵتایە

بەهار هاتەوە ئەمڕۆ لە من بە تاقە گوڵێک
بە زەردەیەک بە گوڵێ کێ دەڵێ بەهار نایە
ئەوەی کە مردووە دڵیان بە سۆزی زستانی
پەنا بە گوڵ ببەن ئاخر دەمی مەسیحایە
بەهار هاتەوە ئەورۆ دەکەونەوە سەر باڵ
لە بازو قومری و قاز و قورینگ و دوڕنایە
دەکەونە نەغمە و ئاهەنگ و بەزم و گۆرانی
ئەوەی کە ئەهلی دڵ و شێعرو نەغمەو نایە
بە چاوی مەستەوە نەرگس لە لالە دەڕوانێ
مەتاع یۆسفە چون موشتەری زولەیخایە
(سەیید) کەقەتعی هومێدی لەخۆی نەکردووە قەت
کە پیرە دارە بە زەبری زەمانە دانایە

# قەسیدەی بەهار

بەهارە کاتی گوڵ و فەسڵێ چوونی سەحرایە
وڵات بەهاری بەهەشتە کە جێی تماشایە
نیشانی هاتنی نەورۆز و کاتی باغ و گوڵە
کە ئاڵەکۆک لە رنوو بەفرێ دێتە حاشایە
چیا و چەمەن هەموو شین بوونەوە بە بای وەعدە
ژیانەوە لە نوێ بەو دەمی مەسیحایە
هەڵالە سوێسنە بەیبوون وەنەوشە و لالەی سوور
دەیانشەکێنێ لە نێو گیا و گژا شنەی بایە
لە قاسپە قاسپی کەوان دەنگ ئەداتەوە کەژ وکێو
نەوای بولبول و قومری نەبێ لە گوێ نایە
لە بەر بناری چیاکان لە کیژ و کوڕ پۆل پۆل
دەڵێی فریشتەن و هاتوونە سەیری دنیایە
من و دڵیش بە هومێدی گوڵ و وەنەوشە چنین
بە داخی لالەوە هەستاین و چووینە سەحرایە
لە هەر گوڵێکی نموونەم چنیو لە باخەڵ خست
بەڵام نە حەجمی دڵم بەو هەموو گوڵ و گیایە
هەتا گەییم بە وەنەوشە کە دەمچنی زانیم
بە رەنگ و بۆن و رواڵەت لە وانی دی جیایە
کوتم وەنەوشە دەزانێ لە نێو گەلانی گوڵان
چ رێز و بایی بە تۆ داوە لوتفی ئەو خودایە
وتی دەزانی چیە هۆی ئەوەی کە وا جوانم
چ رەمز و رازە تەبیعەت لەگەڵ منا وایە
ئەوەی کە شەونمی گەش رووی جوانی من ئەشوا
لە قەترە قەترەیی ئەسرینی چاوی شەهلایە

نەسیمی کاتی بەیانان کە ئارەقم ئەسڕێ
هەناسەیێکی بە سۆزی دڵێکی شەیدایە
شەوێکی باوەشی من تاکوو ڕۆژ نەکا بە سەرین
گزنگی تاو لە سەران ناکەوێت و هەڵنایە
وەکوو شەمامە بە ڕۆژا لە دەستی دڵدارم
شەویش کە جێگەیی من چینی زولفی تاتایە
قسەی لە زولفی ڕەشی یاری دلبەری من کرد
ئەوەی کە دین و دڵی من لە داوی ئەو دایە
بە وەعدە دەستی شکاوی دڵی منە چینی
وەباڵی گەردنی بێ سووچە هەر لە ملیایە
چیە کە خوارە وەکوو ماڵی لامە بێ مەیلە
ئەوەی کە کەچڕەوە کەچ خولقە پێی دەڵێن لایە
خەیاڵی موبهەمی وەسلە کە بێ سەرئەنجامە
شەوی درێژی فیراقە کە ئاخری نایە
دیارە عاشقی تاوانە بۆیە زولفی کە چیش
تەنافی گەردنە زنجیری سەر هەتا پایە
هەزار گرێی لە دڵم خست بە چینی داوێکی
هەزار داوی لە ڕێمدا چنی بە هەودایە
بە زولفی ڕەش چ بڵێم ڕۆژی رووی لە من پۆشی
بەڵێ کە ڕۆژی ڕەشی بێ کەسان هەر ئاوایە
تەمام بوو تایەکی ئەو زولفە خاوە دەستۆکەم
خەیاڵی خاوە کە دیم ئەو تەمایە لەو تایە
ئەگەر چی سایەیی ئەو زولفە قەت نەکەوتە سەرم
(سەیید) خودا نەبڕێ قەت لە سەر من ئەو سایە

# چوونەوەی دێ

تازە بەینێکە چوومەوە «جەمیان*»
بە هەوای ژینی تازە بە دڵ و داو

دێیە مەڵبەندی خۆشی بیرەوەریم
کە وەدڵ دێنێ تین و هێز و هەناو

دڵ خەفەتبار لە شاری بێ دەرمان
شاری بێ شوور و پڕ شەڕ و شێواو

کەس نیە دەردی دۆستی دەرمان کا
هەموو لێک زیزن و لە یەک تۆراو

شوێنەواری تەمەددونی شاری
دووکەڵی بێنزە کۆن و جیبە شکاو

شار ئەوەندەی لە جوانییا ماوە
لاوی سەرمەست و کیژی مل بەدراو

گەر دەپرسی لە حاڵی دێش چۆنە
گشتی ویرانە پاکی لاروو خاو

هەر کە دیم ئەو هەموو کەلاوەی دێ
کردی خوێنی دڵم لە سینەکەلاو

باخ و ماڵێک بوو جێ هەوارگەی دڵ
ماڵی رووخاو و باغی شین لێ براو

کێوەکان سەوز و سەرکەشن ئێستاش
دەر و دەشت و چیا بە گوڵ خەملاو

خۆشە سەیرانی دەم رنووی کێوان
ئاوی هەڵدێر و قەڵپەزەی بەفراو

لای ئێواران و کارە کاری مەڕی
دەنگی بلوێری شوانی چێشتەنگاو

بە هومێدی خودا و پێغەمبەر
گەر تەمەن مابێ رۆژێ دێتەوە باو

دەبمە جووتێری کشت و کاڵی زەوی
دەبمە وەرزێری دەست وپەل قەڵەشاو

زەوی یەکانم بە ئاوی کانیاوان
کاتی خۆی پاکی شین دەکەم بە کەشاو

دەبمەوە خاوەنی خەلە و خەرمان
گەرچی خەرمانەکەم درا دەم ئاو

دەستی ماندوو لە سەر زگی تێرم
دادەنێم جا دەڵێم براله سڵاو

لێی دەنێژم لە باغەکانی نەمام
خوێنی جەرگیشی لێ دەنێم بە شەواو

تا ببیتە نەمام دوا رۆژم
بۆ منالان کە دەبنە گەورە پیاو

*- گوندێکە لە نێوان بۆکان و سەقزدا و سەیید خاوەنی بەشێک لەو گوندەیە.

بەر بەیانان بە قاسپە قاسپی کەو
راوچیان دەچنە بەر بنار و شەتاو

کەو و کەرویشک و سی و مراوی و قاز
لە چیاو و چۆمەکان دەکەونەوە داو

پاییزان کاتی راوە کەرویشکە
خەم رەوینە لە بەر بناران راو

ئەسپی سواریش وەکوو شەماڵ بفڕێ
بۆ هەموو جێ بە سەر رەو و پڕتاو

تاژی خۆش بەز وەکوو هەڵۆ و شاهین
بۆ نچیر بێ بە هەڵمەت و شاڵاو

سەنگە سیرێکی ساز بکەم وەکوو زوو
قووتی رۆح بێت و قووەتی هاناو

زەحمەتێکی دەوێت و داخی دڵێک
دێتەوە دۆخی خۆی هەموو بە تەواو

# چۆڵە چرا

بە عەهدی خۆم ئەمن شەرت بێ وەفا کەم
دەبــا هــەر بــێ وەفـا بـێ ئـاشناکـەم
ئـەگـەر رۆژم نـەبوو کـەس ئـاشنام نـین
هــەموو نــائاشنان کــاکـە و بـراکـەم
کــەسێکی دی عــەبام نـاخاتە سـەرشان
ئـــەگـــەر تـــۆزێ دڕا شــانی کـەواکـەم
ئـەوەی وەک کـۆی دەبـینی کـایە گشتی
کـە بـێم خـەرمانەکـەم کـاتێ بە باکەم
لە بـەر پـەروانـە دەورەم چـۆل نـەبوو قـەت
هــەتا شــۆقێکی بــوو چــۆڵە چــراکـەم
دەزانی چەندە چاک بووم من لەگەڵ دۆست
کە چی ئێستانە خـۆم چاکـم نـە چاکـەم
نـەکـوو ئـەو یـارە گـەرد بگـرێ دڵی لێم
دەبـــوو گـــیانیش و مـــاڵیشی فـیداکـەم
کـە چـی ئـێستا کـە هـەر ئـەو نـابرایـە
دەڵێ نـــەمدیوی نـــاتناسم بـــراکـــەم
دەڵێـم تـەرکی هـەموو کـەس کـەم لە داخـا
هـەتا مـەجبوور نـەبم هـەر بێم و راکـەم
لە ئـــاوی چـــاوما غـــەرقم بـــڵێم چـــی
لە خـــۆم خـــنکاوترە خـۆ نـاخوداکـەم
ئـەگـەر رۆژم نـەبوو رووی لێم نـیە کـەس
(ســەیید) وەک رۆژ پـەرستە ئـاشناکـەم

# پووڵ و پارە

لە دوای بیسمیللا و سەلات و سەلام
هەر لە پووڵ جوانە سەردێڕی کەلام
هەوەڵ و ئاخری هەر قسێکی جوان
پووڵە و پووڵە و پووڵ باقی وەسەلام

***

بە پووڵ دەتوانی وەدەستی بێنی
لە قیامەتیشدا بەهەشتی باقی
لە ڕێی خودا دا خەرجی کە پارە
خودا دەتداتێ کەوسەر و ساقی

***

پووڵ لە بەر چاوی کەسی زاهیر بین
هەر جارە دەکا جیلوە بە جۆرێ
تۆ جل وبەری ئەسپی عەرەبی
لە کەرێکی کە رەنگی دەگۆڕێ

***

پاکەتی پۆستی تەمری دوو ریاڵی
شارە و شار دەیبا بە پڕی و خاڵی
قەتاری ئاسن بەو سەنگینیە
چەندە سووک دەکا بۆ پووڵ حەماڵی

***

وەسیەتە بۆ تۆ باش لێی بە حاڵی
قەت مەچوو مەیدان بە دەستی خاڵی

ئـــەگـــەر پـــووڵ هــەبێ دەیــباتە دواوە
ئـەو قسـەی مـەشهوور بە چـەکین داڵێ
***
فکـــری لێ مـــەکـــە قسـەت لە پـێشە
هــەر لە مشـتا بـێ دوو قـڕان بـۆ کـێشە
ئـــەگـــەر بـێ پـوولێ لە سـەری مـەڕۆ
مــــەودا کـــورتیش بـێ زۆری مـەکـێشە
***
عـــاشقە رووتـــەی بـــێ پـوول و کـاری
لێت نـــــاشیرینە عـــــیشق و دڵداری
ئـــەوە بـــزانـــە هـــەرگیز چـۆل نـابێ
جــێ ژوانــی عــاشقی بـە دەست و دیـاری
***
ئەگـەر یـارەکـەت بـە قـڕ و ئـەدایـە
یـــا زۆر خـــۆگرە یـــا بـــێ پـەروایـە
بـــە تـــۆقی تـــەلا پـــوولێ لە مـل کـە
مـــلی کـــەچ دەبـــێ و سـەری هـــەڵنایە
***
بـێ پـوول لە جـێیان بـە دەنگ دەیـناسن
ئـــەوانـــەی وریـــا و ئـــاکـار شــناسن
بـۆ کـارێکی چـووک دەتـهێنن و دەتـبەن
دەبـــێ هـــەڵبەستی بـۆی کـاڵەی ئـاسن
***
ئـــەی پـــارە رۆژی هـــیممەتە سـادەی
بـێ مـیهری تـا چـەند بێ مـەیلی تـا کـەی

لە دەس هەر کەس و ناکەسێک دا هەی
خۆ نات خۆم بۆ چی روو لە من ناکەی

***

هەر مەرگە بە پووڵ عیلاجی نایە
چون پووڵیش بۆ خۆی مەرگی لە دوایە
هەر بە پووڵ دەکرێ دەرمانی دەردان
بۆ هەموو دەردێک هەر پووڵ شیفایە

***

رەنگە پێم بڵێی چەند پووڵ پەرستە
(سەید) هەموو شتێکی لە پووڵدا دیوە
ئیشتیباە مەکە لە خۆی مەگۆڕە
من پوولم لە نێو هەموو شتا دیوە

***

# پاییز

پاییزە هەموو دەشت و چیای گرتووە ماتەم
داوێنی چەمەن تارە سەری بەرزی چیا تەم
لەو باخە گوڵم چەپکە دەوێ لەو دەمە ماچێ
زەربول مەسەلە راستە لە زۆرزۆر و لە کەمکەم
کورتی مەکەوە زولفی درێژ مەبڕەوە گیانە
یاخوا نەبێ ئەو سایەیە کۆتا لە سەرم کەم
ئەگریجە لەسەر روومەتی جوانی چەمەنە و گوڵ
رووی جوانی لەنێو پەرچەمی رەشدایە وەکوو شەم
داوێکی بەسە تەیری دڵی بێ پەڕو باڵم
لازم نیە زەنجیری بکەی کاکۆڵ و پەرچەم
وا خۆشە بە خەڵوەت کە سکووتی نەشکێنی
دەنگی نەفەسی گەرم لە سینە و لە دەماودەم
لە کوێیە رەقیب تاکوو لە مەیدانی ئەدەبدا
(سەیید) وەکوو تۆ بێت و بڵێ کاکە منیش هەم

# پەرچەم

سینگەکەت دەرخە گولستان سەفاییکی دەویٚ
رەحمیٚ ئاخر بە دلّی من کە وەفاییکی دەویٚ
پەرچەمت جوانە پەریشانە بە شانەی مەکەوە
هەر لە چادور وەدەریخە شنە باییکی دەویٚ
هەیکەلت جوانە بە کوٚلّوانە دەرازیٚتەوە باش
گولّ برازیٚنیەوە بەرگ و گەلاّییکی دەویٚ
دلّەکەم مات و خەفەت بارە لە شاری وەڕەزە
تەیری تیژ بالّە بەلّیٚ بەرزە چیاییکی دەویٚ
زولفی تاتات مەکە سەرباری پەریشانی دلّم
تا بی ئەو بارە گرانەی نیە تاییکی دەویٚ
خەمەکەی توٚ بە چراوە لە دلّی من دەگەڕێ
چاکە ئەو کاولەیە تاریکە چراییکی دەویٚ
بوٚیە من زوٚر دەگریم تا گولّی ئاوات شین بیٚ
دانەیەک تا دەڕویٚ هەور و هەلاّییکی دەویٚ
وەعدەییکی بدەیە توٚ دلّی (سەیید) خوٚش کە
گولّی ژاکاوە دلّم ئاو و هەواییکی دەویٚ

بۆ مامۆستا سەید کامیلی ئیمامی

# تاڵ و شیرین

ژیانی من بە دەرد و داخ و ژانە هەر بە نێو ژینە
کەسێ نەیچێشتبێ ئەم تاڵییە لای وایە شیرینە
لە مێژە دەنگی تۆ نایەتە گوێ کامیل چ قەوماوە
ئەتۆ لای بووی زمانم لاڵ بێ یا گوێی ئێمە سەنگینە
براکەم شێعری تۆ ناڵەی دڵە هەر دڵ دەلاوێنێ
بەڵێ بۆ دەردەداران لایەلایە دەنگی ناڵینە
زەمانێ بولبولی دەنگ خۆشی ئەم گوڵزارە بووی ئێستا
نە دەنگی ناڵەو نایە نە رەنگی جوانی نەسرینە
هەچی دەنگێکی دەیبیستم دڵم دێنێتە ژان ئەورۆ
سکاڵای مل بە کوێنە هەر سەدای رۆرۆیە یا شینە
بە سەرما هێندە گریاوە مژۆڵێ پێ نەما چاوم
لە باخچە و باخی بێ خاوەن دەچێ بێ هەژگ و پەرژینە
لە سەر چۆم و شەتان فێنکایی ئاوێکم نەدی کاکە
هەمووی خوێناوی جەرگی لەت لەتە لێڵاوی ئەسرینە
لە باتی قاسپە قاسپی کەو پەپوو دەخوێنی لەم هەردە
لە باتی لالە و سونبول لە باخان هەر دڕووو،شینە
ئەمن بۆ خۆم کە خەمبارم دەڵێم هەروەک منە (سەید)
لە چاوی لالەوە هەر کەس دڵی داخێکی خوێنینە

# بۆ خاڵەمین

هیچ دەزانی خاڵی من ئەی بولبولی باغی وەتەن
هاونشینان بێ نەوای تۆ بێ نیشان و بێ نەشەن
موددەتێ تۆ بولبولی خۆشخوانی ئەم گوڵزارە بووی
لالە دڵ سووتاوە بێ تۆ خونچە ناکا یاسەمەن
بولبول و قومری لە باخا نین بە گوڵدا هەڵبڵێن
ئێستە پێشێلی دەکەن باخ و چەمەن زاغ و زەغەن
کەس نیە چەپکێ گوڵی تازەم بداتێ گوڵ چنیش
هەر دەزانن پاشەڕۆکی وشکە بەرگی گوڵ بکەن
تیری تیراوێژێ ناپێکێ دڵم چونکە نیە
ژێ لە زولفی خاتووزین،تیرو کەوانیش دارەبەن
دێتەوە بیرت کە دەتگوت چاو لە خەو هەستن لە خەو
سواری دەس بەجڵەولەمەیدان بن بەکەس مەیدان مەدەن
نایەڵێ دایکی وەتەن باری لە ئەستۆ دارنێ
گەر لە پێت داکوت و زنجیر بێ لە گەردندا رەسەن
گێژ و ویژم کۆیەکەم هەر کایە هیچ دەخلی نیە
هەرچی دەیبێژم بە وردی یا هەڵیداوێم بەشەن
(سەیید) ئەوڕۆکە بە تۆ و خاڵە جلیتێن ناکرێ
چونکە مەیدان بەردەڵانە و ئەسپی سواریش نارەسەن

# بۆ کاکە سەید کامیلی ئیمامی

وەرنە سەر سەرچاوەکەی چاوم کە سەیرانی هەیە
روون و لێڵە جار بە جارە حاڵی سیروانی هەیە
گەرچی باریکە مژۆڵ بۆ پردە بازی رێگەتان
کۆلکەداری ئاوەسۆی من تاقەت و توانی هەیە
ماڵەکەم کۆن و بچووکە لایەقی ئێوەش نەبێ
ماڵی دڵ ئاوا هەراوە جێی هەمووتانی هەیە
گەرچی وێرانە وەکوو جەمیان دڵم ئاو و هەوای
زۆر لەتیفە وەک قەریحەم تەبعی جەمیانی هەیە
گەر تراکتۆرێک هەبێ مەزرای دڵی من شیو بکا
لەم چیا سەر سەوزەدا مەودا و مەیدانی هەیە
شین دەبێ تۆوی مراد ئاخر لە مەزرای ئارەزوو
ئاسمان ئەورۆکە مەیلی تاوە بارانی هەیە
(سەیید) ئەورۆ ئیمتیحانی شانس و بەختی خۆی دەکا
تا بزانی کاکە کامیل لوتفی جارانی هەیە

# جوابی ئاوات بۆ سەیید

هۆنەرێکی پیری وەک من کوا وتەی جوانی هەیە
کوا گوڕ و تین و توانای جاری جارانی هەیە
گوێم خەریکە گوێ نەداتە بەند و باو چاویش ئەوا
کەم کەمە بێ نوور دەبێت و حالێ بوحرانی هەیە
هەر کە بیستم ماڵەکەت هاتۆتەوە جەمیان کوتم
سەد شوکور وا هەوری رەحمەت مەیلی بارانی هەیە
هاتیەوە بۆ خانەقای پیرۆزی بابی گەورەمان
ئاوەدان بێ زۆر هەراوە جێی هەموومانی هەیە
گەرچی هەروەک مۆتەکە سەر سینگی گرتم پیاوەکەت
رۆژووان بۆ خوت دەزانی رۆژ و شەو ژانی هەیە
خۆ بەڵام چونکە لە لایەن تۆوە بوو پێی سەرسەرە
روژووانیش کاتی ئێوارانە دەرمانی هەیە
تێرو پڕ دەخوا هەتا تێر تێر نەبێ ناکشێتەوە
چرت و فرتی لێ پەیا بێ جا وچان دانی هەیە
بۆ تراکتۆر ناردبووت سەیید ئەوا پێشکەش کرا
پیاوەکەت دەیگوت کە رۆژێک کاری کێڵانی هەیە
گیانە ئاوات برسی یە و بێ هیز دەنا بۆ خزمەتت
حازرە بێ چاو دەگێڕی داخۆ کێ نانی هەیە

# لە جوابی حاجی سەیید موحەممەدی نوورانی غالیب

دڵ لەپێ کەوتووە بۆ لای تۆ کە خستوومەتە ڕێ
گەر درەنگ بێ مەکە لۆمەی کە بەسەر ڕێدەبڕێ
دڵ بە چەرخ و خولی ئەم دەورە لە ڕێ لانادا
نابێ پێت وابێ کە لاڕێ بووە لای داوە لە ڕێ
خەبەری خۆشە کە دوو بارە وەبەر چاو کەوتووم
چونکە بێ جێ نیە چاوم کە بە توندی دەپەڕێ
هێندە موشتاقە دەترسم کە گلێنەی چاوم
بۆ تماشای گوڵی ڕووت پەردەیی چاوم بدڕێ
تۆقی ئەستۆمە وەفا چۆنی لە مل داماڵم
تاکوو تیغی ئەجەلم دێ و ڕەگی ئەستوم دەبڕێ
وەکوو پەروانە لە دەوری شەمی ڕووی تۆیە دڵم
بۆ فیدا کردنی گیانە دەگریت و دەگەڕێ
یادی ئەو سەردەمە غالیب بوو شەمی ئەنجومەنم
دڵی (سەیید) وەکوو پەروانە دەسووتێ و دەگرێ

# شێعری حاجی سەیید موحەممەدی نوورانی غالیب

## بۆ سەیید

وا لە رەقس و لە سەما دایە دڵم هەڵدەپەڕێ
چاوەچاویە بە تەمای چاوتە چاوی دەگەڕێ
یار لە مەیخانە لەگەڵ دەوری مەن و بادە هەیە
فیتنەیە بۆ دڵی من چاوی دەگێڕێ و دەگەڕێ
رووت کە وا ناسکە دوور بێ لە هەناسەن چاکە
تینی ئەو ئاگرە لێی دا،وەکوو شیر هەڵدەگەڕێ
دڵ لە رێی عیشقی ئەتۆ دایە بە بێ تۆ ماوە
زووکە فریای کەوە پێی خستووە داماوە لە رێ
دڵ لە کەشتی خەمی تۆدایە لە بەحری مەینەت
نا خوداش غالیبە ئەمما نەگەیەی وەردەگەڕێ

# بۆ غالیب و ئاوات

غالیب و ئاوات دوو شەم بوون و دلّم پەروانەیەک
هەردەمە دوو جار دەسووتام من بە بێ پەروانەیەک
جارێ ئەو دەیبرد دلّم ئەو جارێ دەیهێنایەوە
دوو تەناف بوون بۆ دلّی تەنیام کە کردبوویانە یەک
دەست و پێی دلّ بەستراوە تابی زەنجیری نیە
تاقە هەودایەک بەسە بۆ دەست و پێی دێوانەیەک
بۆیە دوو ساقی بە دوو جام دێنە سەر ئاسۆی دلّم
دیارە بۆ مەستێک کەمە یەک ساقی و مەیخانەیەک
رەمزی عیشقە وا بەدوو سەییاد بەدووی سەیدێک کەون
گەر نە تەیری دلّ ئەسیر نابێ بە داوو دانەیەک
من لەگەلّ خۆم و خودای خۆم عەهد و پەیمانم هەیە
بچمە سەر کەوسەر بە بێ وان نامەوێ پەیمانەیەک
غالیب و ئاوات دوو جانانەی منن دلّ پێم دەلّێ
تۆش دوو جار بمرە (سەید) هەر جارە بۆ جانانەیەک

# بۆ مامۆستا سەیید کامیلی ئیمامی

دەمێکە زەمزەمەی شێعرێکی تۆم کاکە لە گوێ نایە
لە کوێستان و چیا سەر سەوزەکان قاسپەی کەوێ نایە
گوڵی باخی ئەدەب گەر تۆ نەبی من بچمە کام گوڵشەن
کە هیچ باخ و گوڵێک ئەوبۆنە خۆشەی خۆتی لێ نایە
هەموو سەرچاوەیەک کوێر بێتەوە خۆ ئاوی نامێنێ
کە چی سەر چاوەکەی چاوم دەبوو وشکایی بێ نایە
لە ناخی سینەوە هاسان هەناسەم نایەت و ناچێ
کزەی بای وەعدەکەی خۆمە، دەمێ دێ، سەردەمێ نایە
لە هەر لا دڵ بە جێ دێڵم بحەجمێ و بگرێ ئارامی
لە هیچ لایێکی دی لای تۆ نەبێ خۆ دڵ بە جێ نایە
نەخۆشی دەست و پێی بەستووم و دەنگیشم بەکەس ناگا
خڕەی زەنجیر و دەسبەندی کەسێ بێ دەست و پێ نایە
دڵی ناردۆتە لات (سەیید) کە نەیتوانیوە بۆ خۆی بێ
درەنگی پێ دەچێ ئاخر بە سەردێ خۆبە پێ نایە

# بۆ چلەی ئاوات

کاکە لە دوای تۆ نەما تین و گڕو هاناوەکەم
هێندم ئەسرین رشتووە سۆمای نەماوە چاوەکەم
سارد و گەرمی رۆژگارم من کە زۆر دیوە بەڵام
قەت نەبوو وەک ئاهی سەرد و جەرگە هەڵقرچاوەکەم
من ئەوەندەم ژین دەوێ بێ تۆکە بۆ تۆ شین بکەم
گەر نە ژینم ژانە بێ تۆ مردنە ژیناوەکەم
رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبێ ئەسرینی چاو گەرچی دەبوو
ئاوی کانیاوێ وشک بێ چون نەما سەرچاوەکەم
بۆ چلەت چل ساڵ ئەگەر ماوەم ببێ شیوەن بکەم
ئێستە هەر دەرد و پەژارەم زۆرترە تا ماوەکەم
باسی دڵ ئەورۆکە چاو بە زمانی ئەسرین پێم دەڵێ
بوونە ئاوێنەی دەروون چاو و دڵ و زاراوەکەم
کامیل ئەی شاسواری مەیدانی ئەدەب کێ بێ بڵێ
گۆلە مەیدان دەردەکەم ئەمنیش ئەگەر بێ باوەکەم
کەس نیە ئەورۆ لە دوای تۆ لێم بپرسێ دا خودا
چی بە سەر هات یارە لێقەوماوە دڵ سووتاوەکەم
ئارەزووی دیداری تۆ کەوتە قیامەت کاملا
زووبە ئاواتی دەگا (سەیید) دڵە سووتاوەکەم

## عیشقی وەتەن

ئەوکەسەی روونە دڵ و میشکی بە عیشقی وەتـەنی
بە خـەتا چـۆنی دەدا خـاکـی بـە مـوشکی خـوتەنی
جـێ هـەوارگـەی دڵی یـارانـی ئـەوین دارە وەتـەن
دیـمەنی بـاغی بـەهەشتی هـەیە دار و دەوەنـی
کاتێ بای وەعدە لە هەورازی رنـوو سـەر دەکـەوێ
سـەوز و سـوور دەبـنەوە داوێنی چیا و چـەمەنی
نیشتمان قەدری لە سەرچـاوە لە بـەر چـاوی مـەخە
بـەفریوێکی قسـەی دوژمـنی زۆردار و دەنـی
مـەبە سـیپاڵی هـەموو کـەس بە لیباسێکی نـوێ
نـۆکەری خـۆت بکـە شـانازی‌یە رووت و رەبـەنی
عەیبی خۆت کـاکـە بـە پـارچـەی وەتـەنی داپـۆشە
رانک و چۆخەی مەرەزی مەیدە بە بوردی یـەمەنی
پێ بـە پـێی کـورت و درێـژی بـەڕەکـەت راکێشە
فەرشی کـاشان نـیبەتی تـابی حـەسیری جـەگـەنی
دەنگی بلوێری شوانی شـەو و قـاسپەی کـەوی رۆژ
بە فیدای بێ هـەموو زێـر و بـەمی سازی دەهـەنی
تار و پۆی پاکـی کـە هـەوریشمە خـۆ ئـەم غـەزەلە
کێ دەڵێ جوان نیە وەک خاریجە پارچەی وەتـەنی
جاری واش هەڵدەکەوێ دەس کری شاگرد جوان بێ
من کە شاگردم ئـەتۆش خـاڵی مـن ئـوستادی مـنی
پارچە شێعریکی کە کـردوومەتە پێشکەش بـۆ تـۆ
کەس وەکوو (سەیید)ی ئەم پارچەیە وا جوان نەتەنێ

# شینی هەژار

گەر لە دنیای ئێمە ئەورۆ شین و واوەیلا نەبێ
دڵ دەڵێ لە خوا دەخوازم هەر نەبێ دنیا نەبێ
عاسمان بۆ هیچ هەژارێک قەت نەگریاوە بە دڵ
هەر لە ئەوەڵ رۆژەوە بۆ شینی مامۆستا نەبێ
گۆڕی مامۆستا هەژار شەمعی مەزاری بۆ چیە
مانگ و رۆژ لەو جێگە دەورەی داوە شەمعی با نەبێ
رۆژ لە من ئاوا بووە بۆ من چ تۆفیری هەیە
رۆژی خەڵکی شەو هەڵێ ئاوا بێ یا ئاوا نەبێ
کەس نیە بۆ شینی مامۆستا هەژار لەم رۆژەدا
چاوی ئەسرین بار و لەش بیمار و دل شەیدا نەبی
مەرگی تۆ بۆتە گرێ پووچکەی دڵی گوڵشەن هەژار
خونچە با نەکرێتەوە و عوقدەی دڵی گوڵ وا نەبێ
هێندم ئەسرین رشتووە سۆمای نەماوە چاوەکەم
من کە لێم تاریک بوو دنیا چاکە چاوم چا نەبێ
گفتوگۆی دڵ دانەمرکا هەرچی گریام دوێ شەوێ
جۆگەلێک چۆن بەش دەکا بۆ و ئاورە دەریا نەبێ
کەس نەسووتا وەک (سەیید) ئەورۆکە پەروانەی دڵی
شەم وەخۆی ناکا ئەگەر پەروانە،بێ پەروا نەبێ

# فرمێسکی رژاو

فــرمێسکم هـێند رشت لە رێگـەی تـۆدا
هەر وەک فرمێسکێک لەبەرچـاو کـەوتم
دەمـــێکم خـــۆشی لە دنـــیا نـــەدی
عومرێک هـەولّم دا سـاتێک نـەسرەوتم
ئـــەستێرەی ئـــامانج رەش و تـــاریکە
ئەویش هەر وەکوو بەختی سـەر چـەوتم
بــە دووی دیــداری زولف و رووی تـۆدا
بــە رۆژ نــەسرەوتم بـە شـەو نـەخەوتم
بـەڵام نــەگــەیمە سـەر ئـاسۆی ئـاوات
تا هـەنگاوێک چـووم دوان وەدوا کـەوتم
عـــەسا بــە دەست و پـیر و نــەخۆشم
لە رێگــەی ژیــندا هـەر کـەوتوو رەوتـم

# بۆنەخۆشی حەقیقی

حـــەقیقی نـــەمری یـــا خـــوا بـــەم زووانـــە
بــــە بـــێ تـــۆ حـــەستەمە ئـــەمجارە ژیــن کــەم
لە پـــاش تـــۆ دوور لە بـــاڵات تـــاڵە ژیـــنم
مەگەر هەر دەس بە خۆ کوشت و بڕین کەم
نـــە دڵ گـــەرمی نـــەچاو سـۆمایی مـــاوە
لە دوای تۆ من بە چـی بگـریم و شـین کـەم
وەکـــوو جـــاران کــــە خـــەمخانەش نـــەماوە
هـــەتا ســـۆرانـــی و دەســـرۆکە شـــین کـــەم
گـــوڵی بـــاخی ئـــەدەب گـــەر تـــۆ نـــەمێنی
لە کـــام گـــوڵزار گـــوڵێکی دیکـــە شـــین کـــەم
لە پـــاش تـــۆ دەردی دڵ بـــۆ کـــێ بکـــەم مـــن
بـــە کـــام مـــەرهەم دەوای زام و بـــرین کـــەم
(ســـەیید) بـــڕوا حـــەقیقی تـــازە ئـــەمنیش
دەبـــێ ئـــەسپی ســـەفەر ئـــامادە زیـــن کـــەم

# سەمەرقەند

دڵی شەیدا لە خۆی بێزارە بۆ تۆ
لەگەڵ خۆی غەیرە تاکوو یارە بۆ تۆ
بە گوڵزارێک گوڵێک سەودا دەکەم من
ئەتۆ بۆ من هە چی گوڵزارە بۆ تۆ
من و دەرد و دڵێکی پارە پارە
کتێبی عیشقە ئەم سی پارە بۆ تۆ
لە دەورەت عاشقانی تۆ وەخڕ بوون
بە تەنیا هەر منم ئاوارە بۆ تۆ
دڵم نازی خەمی تۆی زۆر لە لایە
کە خۆی بێ نازە یا نازدارە بۆ تۆ
خەوی بردووم خەیاڵی زولفی خاوت
چلەی چاوانە بەو شەوگارە بۆ تۆ
ئەمەش بۆ من خەمێکی تازە دێنێ
کە بۆ تەنیا دڵم خەمبارە بۆ تۆ
سەمەرقەندی منە شاری مەهاباد
بە ماچی لێوی تۆ ئەو شارە بۆ تۆ
بە تەنیا هەر ئەوینی تۆم لە دڵدا
دڵی (سەیید) گوڵی بێ خارە بۆ تۆ

# بۆ مامۆستا حەقیقی

وەکوو بیستوومە کاکە فەرمووتە
وەک مریشکێ لە هێلکە چوومەتەوە
گەر دەپرسی لە من لەت و پەتە دڵ
چاکە جارێ کەمێ دروومەتەوە
گەرچی دنیا لە کۆڵی خۆی دانام
من بە زۆری لە کۆڵ نەبوومەتەوە
پێم لە سەر ئارەزووی دڵم دانا
وەک نمەد تەختە هێندە سوومەتەوە
مووددەتێکە کە لێم نەپرسیوی
لێم ببوورە خراپ بزوومەتەوە
تۆ لە دڵدای و خۆ لە بیر ناچی
قەت مەفەرموو لە بیری چوومەتەوە
ناوەکەی تۆم وەکوو چەقەی* سەقزی
هەر لە سەر زارە هێندە جوومەتەوە

---

*- چەقە: بە زاراوەی سەقز بە مانای بنێشتە، بنێشتێکە تایبەتە کە لە داری مازووبەرهەم دێ .

# جوابی حەقیقی بۆ سەیید

عـــوزروو مــوزرت قــەبووڵ نــیە ســەیید
قـــــافییەت بــــــۆ نــــەهێشتوومەتەوە
زۆر شـــوکر جـــار و بـــارە دێـمەوە بـیر
بــــە چـــەلێکی لە بـــیر نـــەچوومەتەوە
لە نـــەزەر شــــاعیرانــــی هـــاوچەرخـم
هـــەر حـــەقیقیم مـــەحوو نـــەبوومەتەوە
حـــــاسڵێ شــــێعرەکـــانی ســــاڵانم
تـــازە ئـــەو ســاڵ بـــڕێک دروومـــەتەوە
پـــــاییزە کـــاتی راوە ســــاڵێ قـــەدیم
بــــــە نــــچیرێک و دوو نـــەچوومەتەوە
راوکـــەرێ کــــوانــــیی‌ینێ کـــەروێشکێ
تــــا نـــەبرشاوە* کـــەشکی ســـوومەتەوە
قـــافییەت هـــێندە ســـەخت و نـاجۆرە
چـــــی وتـــووتە مـــنیش وتـــوومەتەوە
جـــا لە بـــەرەوەی بـــە قـــەولی تـــۆ ئـەمنیش
هـــەر بـــنێشتێکی جـــووتە جـــوومەتەوە
مـــن و تـــۆ تـــەبعمان وەکـــوو مـــەتەیە
دەســـــمین شـێعری رەق بـــە دوومـــەتەوە

---

*- نەبرشاوە: یەعنی خراپ نەبووە و رەنگی نەگۆڕاوە .

# بۆ حەقیقی

حـــەقیقی شــاعیری شـۆخ و هــونەروەر
گوڵی باغچەی ئـەدەب ئـەی نـوکتە پـەروەر
ئـــەگــەر جــەوهەر خــریدارێکــی بــووبا
دەبــوو ئـەشعاری تـۆ بکــڕن بـە گـەوهەر
لە بـــەر چــاوی هــەمیشە جــێی ســەرنجە
کــە جــێی تـۆیا لە دڵدا یــا لە ســەر سـەر
لەگــەڵ مــن گــەرچی دنیا وشکە تـەبعی
بە خـوێنی جـەرگی خـۆم وەک لالە دڵ تـەر
بــە پــیری شێعرەکانی مـن دەکـەن گـوڵ
ئـەگــەر چــی پـیرە دار نــابێتە مــوسمەر
دەبــریا عــومرەکـەم وەک شـێعرەکـەم بـا
بــە عــومرێک خــونچەیێکی هــاتبا بــەر
وەکــوو شـێعری نـەوە ئـەم حـاڵە (سـەیید)
بــە بـێ وەجـهی شـەبە شـێعری مـوعەتتەر

# جوابی حەقیقی

سـەیادەت سـەیدی پـاکـیزە گـەوهەر
دوڕی دوڕدانـــەیی زەهـــراو حـــەیدەر
گـوڵی بـێ خاری سووری باخ و چیمەن
دوڕی سـەر سەوزی بن دەریای ئـەحمەر
هـــەمیسان نـــامە و شـێعرت گـەیشتن
کە پێی روون بـۆوە چاوم نامە سەر سەر
دەزانـــم شـــاعیرێکی چـــاکـی ئـەمما
بـــڕستی لێ بـــڕیوی کـــاری دەفــتەر
لە حـاڵی مـوخلیسی خـۆت گـەر دەپرسی
لە نـــەردی پـیریا کـەوتوومە شـەشدەر
ئـــەتۆ خـزمی لە مـێژو دۆسـتی تـازەی
کـە وا زۆرتـر بـووە لوتـفت لەمـەو بەر
جـــەنابی حـــاجی بـــابا شـەیخی بـابت
لە گـــەردوونی فـەزیلەت دابـوو ئـەختەر
چـــەلێکی ئـــیمتیحانی شـێعری کـردم
بـــە رووسـوووری لە عـۆدەی هـاتمەدەر
ئـــەتۆ چـــۆنی لەگـــەڵ دنـیایە قـوربان
هـــەتن یـارانـی دیـندار و بـە جـەوهەر
ئـەرێ بـازدیدی کـردی کـاک مـوحەممەد
ئەرێ بـۆی ناردی گـوڵدان کـاکـە جـەعفەر
درێـــژەی نـــادەمێ چـــی دی، بـڵێ بـۆ
مـەگـەر وشـتر دەنـا نـایبا کـەر و مـەر
حـــەقیقی مـــوخلیسی خـــۆتانە سـەیید
دوعـــاگـۆیە هـەتاکـوو رۆژی مـەحشەر

سەیید ئەم دوو شێعرەی خوارەوەی لە داوێنی نامەکەی حەقیقی نووسیوە و نوسخەیەکیشی بۆ حەقیقی ناردووە.

نەخێر ئێستا نەهاتووە کاک موحەممەد
ئەویش وا دیارە قەولی ناچێ تا سەر
قەرار بوو بۆم بهێنێ باری گوڵدان
نە خۆی هات و نە گوڵدان و نە جەعفەر

## دووبارە لە جوابی حەقیقی دا

حەقیقی شێعری دوایی تۆش گەیشتن
وەکوو چەپکێک وەنەوشەی تازەو تەر
لە حاجی بابە شێخت کرد بوو یاد
مەشامی گیان و دڵ پێی بوو موعەتتەر
لە دنیا دا ئەتۆش نەتبوو دڵی خۆش
دڵت خۆش کا خودا ئەمجار لە مەوبەر
بە لوتفی تۆوە هەمدەم زۆرە ئەمما
ئەگەر دینداری جەوهەردار بێ کەمتەر
کەسێ دینی هەبێ خۆی جەوهەرێکە
دروستە پێی بڵێی پیاوی بە جەوهەر
بەڵام من ئیمتیحانت ناکەم ئوستاد
موجەرڕەب تەجروبەی ناکرێ موکەرڕەر
بەیانێکی حەقیقەت بوو کە فەرمووت
بڕستی لێ بڕیوم کاری دەفتەر
ئەگەرچی دەست و پێی بەستووم بە جۆرێ
بە جارێ لێی نەگرتوومماڵی شەشدەر

زمـــانی خـــامەکـــەم ئـــازادە هـــێشتا
بـــڵێی جــێگەی نـــەمابی نـــووکی نـــەشتەر
ئـــەرێ تـــۆ بـــۆ لە قـــافیەی تـــەنگ ئـــەناڵی
قـــولینچکێ کـــافییە بـــۆ تـــۆ ســـەر و بـــەر
قســـەی تـــۆم هـــێندە پێخۆشە کـــە نـایدەم
پـــیاڵێکی بـــە جـــۆگێک ئـــاوی کـــەوسەر
لە ســـایەی دیـــدە دەریـــایە دڵی مـــن
بـــە رەشـــحێکی قـــەڵەم نابێ مـــوکەددەر
نـــەخێر هـــێشتا نـــەهاتووە کـــاک محەممەد
ئـــەویش وا دیـــارە قـــەولی نـــاچی تا ســـەر
قـــەرار بـــووبۆم بـــهێنێ بـــارێ گـــوڵدان
وەنـــەوشە و ســـوێسنە و لالەی مـــوعەتتەر
مـــنەت بـــارم بکـــا جـــەعفەر بـــە گـــوڵدان
نە خـــۆی هـــات و نـــە گـــوڵدان و نـــە جـــەعفەر

٦٩/٩/١٥

# یاری خەمخۆر

تا بە کەی شاعیر دەڵێی من چاوی بە خومارم دەوێ
من مەیی نابم دەوێ من باخ و گوڵزارم دەوێ
بەس نیە مەستی و مەی و مەدهۆشی و بەد حاڵەتی
من کەسێکی ژیر و وریا و پیاوی هوشیارم دەوێ
چارەیی دەردم بە نووکی خەنجەری موژگان نەبوو
کارساز خاوەن قەڵەم تیژێکی پڕ کارم دەوێ
چاوی بە خومار و وەفای یار و گوڵی گوڵزار چیە
من دڵی سووتاو و چاوێکی ئەشکبارم دەوێ
لاوی ئازا زۆرە قەت سەنگەر لە من ناگرێ رەقیب
پیاوی عاقڵ مەند و دڵسۆز و زماندارم دەوێ
هەر قسەی زل کردن و بافیش چ سوودێکی هەیە
نوکتەیی ورد و پتەو وەک دوڕی ئابدارم دەوێ
من سەرێکم بۆ چیە پێچراو لە پێچی مێزەرا
یا دەبێ ژێر خاک بچێ یا بچتە سەردارم دەوێ
قافڵە وەدوا کەوتووە رێگام وەدوور کەوتۆتەوە
پیادە ناگاتێ ئەمن سواری جڵەودارم دەوێ
من بە تەنیا ناتوانم هەڵگرم باری خەمم
من رەفیقێکی سەمیمی و یاری غەمخوارم دەوێ

# زستانی خەم

زستانی خەمە باخ و چەمەن ڕێی نیە گوڵ کا
بای وەعدە مەگەر ڕەحمێ بە شێواویی دڵ کا
چەن خۆشە بەهار بێتەوە تا لالە و نەرگس
ئەو خاڵ و خەتی دابنێ ئەم چاوی بە کل کا
داوێنی چیا و کەژ لە گوڵی ژاڵە و بەیبوون
وەک قەوس و قەزەح دەسرە و ملوانکە لە مل کا
با بولبولی ئاوارە لە نێو باخ و چەمەندا
هێلانە لە نێو بەرگی گوڵ و سەر لقی چڵ کا
بولبول بفرێ بۆ گوڵی سوور ئەم سەر و ئەو سەر
ئاسک لە چەمەندا بەفرەی بالی‌یەوە سڵ کا
شەونم کە لە سەر بەرگی گوڵان عەینی گوڵاوە
برژێتە سەر ئەو خاک و گڵە و گڵ بە سمڵ کا
ئەو وەختە (سەید) دەس بە عەسا بێتەوە ناو باخ
داوێنی لە ئەسرین پڕ و پڕ باخەڵی گوڵ کا

# یادێک لە تەهای دوور وڵات

هەر منم تەنیا لە نێوتانا کە نیمە چارەیە
چۆن دڵم لە دوای هەمووتان وێڵە یا ئاوارەیە
سەد کەرەت دەشکێ دڵم کەس ناڵێ ئاخر دەفعەیەک
هێندە با نەشکێ دڵی چڕژاوی ئەو بێچارەیە
بێ سەدا دەشکێت و دەنگیشی بە کەس ناگاتەوە
من دەبێ بگریم و مەی بڕژێ کە شیشەی پارەیە
ئەو دڵە گەر دوور وڵاتی خۆی لە دڵ دەرخا تەها
دڵ نیە گەرمی نیە یەک پارە سەنگی خارەیە
تا لە کالان دەرنەیە تیغ جەوهەری مەعلووم نیە
ئێستە بۆ تۆ وەک هەموو جار ئیمتیحان ئەمجارەیە
هات و خوێندت بوویە پیاو ئەمجارە تاریفت دەکەن
گەر نەرازی بە بڵێن یا شێتە یا پەتیارەیە
خوێندەوار بن تا بزانن بۆ وەتەن کارێ بکەن
نیشتمان چ بکا لەگەڵ تۆ و ئەو هەموو بێکارەیە
لاوی دڵسۆز و موسڵمان قەت لە بیر ناکا وەتەن
ئەسڵی ئیمانە ئەگەر ئیمانتان بەو کارەیە
پەندی من لە گوێ گرە تادوور لەرووی تۆ پێت نەڵێن
خۆ نەسیحەت بۆ کەرە وەک گوێز و ئەو دیوارەیە

# یادێک لە هێمن

بە یادی هێمن ئەورۆ سروەیەک دێ لێی گەڕێن با بێ
نەسیم بۆنی بەهەشتی پێوەیە ئەورۆ لە هەر لابێ
شەو و ڕۆژ ڕادەبووری دڵ خەمی تۆی قەت لە بیر ناچێ
دڵم دەتلێتەوە بەو دەردەوە زۆر عەستەمە چا بێ
هەتا کۆنتر دەبێ یادوارەکەی دەردم دەبێ تازە
برینی کۆنە ناسۆری بە ئێشەکەی بلێی چا بێ
خەمی ئەو زەڕڕە زەڕڕە ڕۆح و گیانی گرتووم ئێستە
خەمی عالەم چ تۆفیری هەیە بۆ من نەیە یا بێ
لە دنیای ئێمەدا مانگێک هەڵات و ڕۆیی ئاوا بوو
بە من چی گەر تەواوی عاسمان عەقدی سوڕەییا بێ
لە ئاسۆگی هومێد ئەستێرەیەک ئاوا بووە ئەورۆ
ئەگەر ڕۆژێک لەوی هەڵبێ بە زەحمەت شۆقی ئاوا بێ
ئەگەر چی خونچە زۆر پشکوتووە لەم باخ و گوڵزارە
لە گوڵزاری ئەدەب بەم شێوەیە گوڵ تازە شین نابێ
دڵی تاریکی من ڕوونە بە یارانی هونەرپەروەر
دەڵێن ڕێبازەکەی دەگرینە بەر چاویا خودا وا بێ
خودایا لێی ببوورە ڕەنجی زۆر دیوە لە دنیادا
ئەویش با موستەحەقی ڕەحمەتی باری تەعالا بێ
خەمی دنیای لە بیر وێرانەکەی دڵ بردەوە(سەیید)
خەمی هێمن بە خێرهات بۆ دڵی من ماڵی ئاوا بێ

# لە سەر گڵکۆی هێمن

ئەی مامۆستای پایەبەرز و زانای کورد
خەبات گێڕی نە وەستاوی زانای کورد
لە گێژاوی کەند و کۆسپی ژیاندا
تۆ هەڵکەوتووی لە درێژایی زەماندا
تۆ سەر رشتەی هەودای ئاڵۆزی ژینی
بیرەوەری رۆژی تاڵ و شیرینی
دنیا هەموو لەگەڵ تۆی کرد سەرچەوتی
تەنیا تۆ بووی لە دەست و دوو نەکەوتی
ئەگەر زەمان بەستی زمان و دەستت
بەڵام سستی نەخستە بیر و هەستت
ئەمن ئەورۆ ئەسرین بۆ تۆ نارێژم
بیرەوەریت لە دڵی خۆمدا دەنێژم
بۆ من بەسە هەستت، بیرت، هۆنراوەت
بۆمن بەسە شێعرت،نەسرت،نووسراوەت
ئەگەر چیمەن بێ تۆ بێ جیلوە و نازە
هەر بەیتێکت بۆ من گوڵێکە تازە
تۆ ئاشنای دەردی دڵی گەلان بووی
لە دڵدا بووی هێمن لە بەر دڵان بووی
شێعرت چرای رێگەی ژین و ژیانە
نەسرت پەرژینی فەرهەنگ و زمانە

هـێمن هـەر تـۆ بە دەردی دلّت زانـی
دڵ چی دەویست لە خۆی لە دنیای جوانی
هـێمن بـێ تـۆ مـن و خـەم و تـەنیایی
مـن و دڵ و دەرد و نـاڵەی جـودایـی
تـاریک و روونـی تـۆیە خـۆشەویستم
تاریک و روونی رێی مەبەست وهەستم
هـیوادارم کـە یـارانـی دڵ سـووتاو
(سەیید) رێبازەکەی بگرن لە بەر چاو

# لە جوابی راوچی دا

بـراکـەم کـاکـی راوچـی شـێعرەکـانت
کە دیم روون بوونەوە چاوم کە کوێر بووم
وەبـــیرت دێ بــە دەورانـــی جــحێلێ
ئەمن چەند چوست و چالاک و دلێر بووم
هـــەتا مـن راوچـیی هـەر دوو چـیا بـووم
لە کەروێشک ولە کەو کەی بێ نێچیر بووم
بـەڵام ئـێستا لە بــەرپیری و نــەخۆشی
وەکـــوو داری عـەسام و لار و وێـرِ بـووم
دەبــینی ئـێسته مـــن رێوی تـەواو نـیم
لە پێشیش دا هەڵۆیەک بووم و شێر بووم
زەمانە گەرچی بـۆ مـن شـۆر و شـەرِ بـوو
بەڵام من بۆ هەموو کەس خێر و بێر بووم
فەلەک وا دەست و پێی بەستووم کە ئێستا
لە چوارچێوەی قەفەسدا مام و فـێر بـووم
ئــەمن جـوانـیم بـە پـیری دا بـە سـەودا
وەرە بــمبینە فــێری ئــاڵ و وێــر بـووم
شەوی پرسیم لە چاو بـۆ چ لێـڵ و وێـڵێ
دەڵێ منغەرقیدەریای سووروسوێر بووم
ئەوەندەم غەم لە رێی رۆژی رەشم خوارد
لە ژین و زیندەگانی هەر دوو تـێر بـووم
سـەید نـاکـا لە دۆسـتی تـازە شکـوە
لە یـارانـی قـەدیم زیـر و زوێـر بـووم

# بۆ کاک موحەممەدی قزلجی

دەزانی کاک موحەممەد بەم خەزانە
گوڵی ناو باخچەکەم گشت بۆتە سەرپۆت
لە هەر لایە تەماشا کە وەریوە
هەموو خونچە و گوڵی تا دێتە ئەژنۆت
ئەگەر بێت و نەیەی فکری نەکەی بۆی
وەباڵی ئەو هەموو خونچە بە ئەستۆت
لەگەڵ خۆت جەعفەریش بێنە بە خۆشی
بە زۆر بیهێنە گەر هەروا نەهات بۆت
نیە عوزری قەبووڵ حەتمەن دەبێ بێ
لە ملیا گەر تەناف بێت و لە پێێ کۆت

# بۆکاک جەعفەری قزلجی

باخچەکەی جەعفەرە یا گوڵشەنی باخی ئیرەمە
که سەری هەر لقەدارێکی گوڵی خونچە دەمە
گوڵی نەرگس لە هەموو لایەکەوە دەڕوانێ
هەر دەڵێی چاوی نیگابانی حەریمی حەڕەمە
گەرچی تەنیا گوڵی بۆ عاشقی دلدار زورە
گوڵی لێ زیاد بکە گوڵ کاکە هەتا زۆر بێ کەمە
جۆگەلێکی هەیە ئەو باخچە لە ئاوی بۆکان
بە سەری تۆ لە سەقز بایە دەیانگوت کە چەمە
چ سەفاییکی هەیە سێبەری بن دار تووەکەی
داری تووبایە دەبا زوو لە دڵان هەرچی خەمە
جەعفەرم دی کە لە نێو باخچەکە یا دێت و دەچێ
بولبولی قەیرەیە یا لەکلەکە کەوتبوۆتە گەمە
من لە نێو ئەو هەموو گوڵزارە گوڵێکم لێ ویست
پێی نەدام گەرچی دەڵێن ئەو کوڕە خاوەن‌کەڕەمە

# بۆکورە دوور وڵاتەکەم (تەها)

## تاقانە

تــــەها ئــــەی ڕۆڵەی دوور لە وڵاتـــم
تــا ئــاخری عــومرم هــەر بە هیواتـم
غـــــــەریبایەتی بــــاری گــرانــــە
بـــاری گــرانــی هــەر لە ســەر شــانە
تــــۆ تـــاقانە نــی بــۆ تــاق بــوویەوە
بــۆ چــی پــێت وایــە لە بیر چــوویەوە
مــن بــۆ دەرد و خــەم تــاقانە و تــەنیام
تــــەنیا تــــاقانەی ڕۆڵەی ســەر دنــیام
لە بــیرت مــاوە ئــەو شــەوەی داهــات
بەو سەرماوسۆڵە چم لێ بەسەر هات
ئــێستا نـــەخۆشم بــیمارم خــەستەم
ئــەمن شکســتی دەســتی ئــەو وەختــەم
نــامەکــەت گــەیی ئــەمجارەش بە جــێ
بــۆنی کــراسەکــەی یــۆسفی لێ دێ
بــە نــامەکــەی تــۆ دێ فــەرامــۆشیم
ڕەنگــە بــەو نــامە چــا بــێ نــەخۆشیم
مـــــن هـــیوادارم بـــتبینم ئـــەمجار
پـــیاوێکی تــەواو و ژیــر و خــوێندەوار

مندالْ بووی رۆیی پیاو بی بێیەوە
پیاوانە بژی و بگەڕێیەوە
بە فیرۆ نەدەی هیچ وەخت و کاتت
تا بە جێ دێنی هەموو ئاواتت
هەر شتێ بڕوا دەکرێ بێتەوە
هەر عومرە بڕوا ناگەڕێتەوە
بە زایەی نەدەی رەنج و جەزای من
با شاد بێ دۆستت با کوێر بێ دوژمن

## بۆ برایانی دێهاتی

### ئامۆژگاری

ئێمە کوردین و یەک زمان یەک دین
با برادەر بژین برای یەک دین
یەک کەوین و برایەتی خۆش بێ
با لە روومان هەڵێ بڵێین کوردین
کاخی فیرعەونە یا خۆ کۆخی فەقیر
لە تەلا و زیوە یا گڵە و بەردین
هەر بە جێ هێشتنە لە ئاخریدا
تەختی شایی بێ تەختە یەک نمەدین
ئەوی پێمان دەمێنێ تەقوایە
ئەوی کەلکی هەبێ لە دنیا و دین
ئەم چوار رۆژە ژینە پێی ناوێ
وەکوو ئەو جۆرە ئێمە بۆی مردین
کۆکەمان قەت لە کایە دەر نایە
چونکە گیرۆدەیی گەش و وەردین
دوژمنی ئێمە نەفسی خۆمانە
دڵ برینداری دەستی نامەردین
پەندی سەیید لە گوێ گرە کە دەڵێ
دەرد و دەرمان یەکێکە هاو دەردین

### دوو بەیتی

جێژن و پیرۆز بێ کاکی دێهاتی
ئەهلی کوێستانی یا خۆ شاماتی
سەییدیش چونکە هەر لە خۆتانە
دە بڵێن کاکە تۆش بە خێرهاتی

# شنەی بای شنۆ

بەهار ئەمجارە وا دیارە شنەی لە شنۆ وەدێ ئەورۆ
لە لای کوێستانەوە بای وەعدە دێ زۆریش بە جێ ئەورۆ
ئەگەر چی بولبول و قومری لە گوڵزاری شنۆ زۆرن
ئەمین ئوشنۆیی جێت خاڵی لە باخی شار و دێ ئەورۆ
هەموو رۆژ شین دەبێ گوڵ تازە روو،بۆن خۆش بەڵام داخم
گوڵێکی وەک ئەمین ئوشنۆیی قەت ناپشکوێ ئەورۆ
وەخەر بوون عاشقانی داخ لە دڵ وەک لالە لەم شارە
بەڵێ موژدەی بەهاری پێیە بای وەعدە کە بێ ئەورۆ
وەباڵی ئەو هەموو خونچەی نەپشکووتووە بە ئەستۆی تۆ
ئەمن لێرەم دەوێی ئەی بای شەماڵ تۆ دەچیە کوێ ئەورۆ
لە هەر لایە گوڵێکی تازە شین بێ سەوزە سەر دەرخا
بە چاوان دەبمە ئاودێری بە سەر چاو دەچمە وێ ئەورۆ
بە تەنیا چاوی من ماوە کە ئاودێری گوڵان مابێ
هەر ئەم سەر چاوەیە وشکایی نایە ئاوی دێ ئەورۆ
ئەگەر خۆم رێم نیە تا بچمە پێشوازی بەهار و گوڵ
بە جێی خۆم جۆگەلێک فرمێسکی گەش خستۆتە رێ ئەورۆ
لە پێ کەوتووم و دەستیشم بە داوێنی فەلەک ناگا
فەلەک تۆ چت دەوێ لە منێکی وا بێ دەست و پێ ئەورۆ
لە هەر لا شایی‌یە و جێژنە کە سەرچۆپی بە من نادەن
برا با دەستی گاوانیش بە من بێ هەر نەبێ ئەورۆ
(سەید) تۆ رووبەرووی هێمن دەڵێی چی بەسکە چون تووتی
لە رووی ئاوێنەدا زوو لاڵ دەبێ گەر زۆر بڵێ ئەورۆ

# بەهار لە بەهمەن دا

ئـــەورۆکە جـــێژنی بـــەهمەنە یـا خــاکــەلێوەیە
وا دەر دەکــەن چـڕو گـوڵ و خـونچەش بـەرێوەیە
تــینێک دەدا بــە گــیان و تــەوانێک دەدا بـە دڵ
بـەهمەن کـە ئیش و کـاری بـە سەرما و کـرێوەیە
بای وەعدە هـات و بـەهمەنی هێنا لە جێی بـەهار
جـــێگەی هـــومێدە ئـەو کـزە بـایە لەوێـوەیە
کوێستانەکان کە خاڵ و بەڵەک بوون هەوەڵ بـەهار
وا دیـارە جێ هـەواری مـن ئەو هـەرد و کێوەیە
ســور و سپی هـەڵاڵە و بـەیبوون کـە شین دەبـن
خـەزنەی دڵم خــەنی دەبــێ بــەو زێـر و زیـوەیە
وا ئــاڵەکــۆکە پـرچــی وەدەم بـا دەدات و دێ
بــووکی بــەهارە گــەرچــی پەشێوە بـەم شێوەیە
ئـەم جـێژنە تـێکەڵاوە لە شـێعر و نــەی و نـەوا
مـلوانکـە بـۆیە جـوانــە هــەمووی نێوە نێوەیە
دەنگــێکی دڵ رفـێن و بــە ســۆزم دەگاتە گوێ
دڵ پــێم دەڵێ بـــزانــە لە کـوێیە و لە کـێوەیە
عـاشق دەخـاتە رەقس و سەماوە بـە دەست و پـێ
بەعزێک سەمای بـە پـێوەیە هـێندێک لە جێوەیە
بـــڕوانــە چـاوەکـانم و ئـەسرینی لێـڵ و ویـڵ
چـەن جـوانــە ئـەم روانگــە بـەهارە و شـڵێوەیە
پیرۆز بـێ جـێژنەتان بـە دڵی خـۆش عـەزیزەکـان
سـەییدیش بـە بـێ منەت دڵی خـۆشی بـە ئێوەیە

هەوری گەواڵ گەواڵە لە سەر باخ و چیمەنان
لوتفی بەهارە نمنمی بارانی پێوەیە
ئەی باخەوان بە خوێنی دڵ ئەم باخە شین بووە
غافڵ نەبی کە گوڵ چنی زۆردار لە جێوەیە
گوڵ چن ئەوەندە زۆرە کە ڕێی باخەوان نیە
کەس ناڵێ باخەوانەکە کێیە و لە کوێوەیە
خەرمانەکەت بە کاوە دەبا توندە بای شەماڵ
بێت و شەنەت نەزانی بە سەر شانی کێوەیە

# بەهمەن بەهاری ئازادی

بەهمەن بەهاری ئازادی بەهمەن جێی دڵخۆشی و شادی
تۆ هاتی لە ئاسو هەڵات ئەستێرەی گەشی ئازادی
بەهمەن بەهاری ئازادی
گوڵی پشکوتووی بەهاری خونچەی باخی ئەویندراری
سروەی نەسیمی بەیانی بەیانەی رۆژی رزگاری
بەهمەن بەهاری ئازادی
سوێسنە و بەیبوون لە سەحرایە پشکووتوون لە هەموو لایە
بەهمەن هات بەهاری هێنا دەشلێن بە گوڵێک بەهار نایە
بەهمەن بەهاری ئازادی
دوژمنی خوێن مژ دەیزانی ماوەی کەم ماوە مەیدانی
دەیرِشت خوێنی لاوانی گەل دەیویست خۆ بگرێ و نەیتوانی
بەهمەن بەهاری ئازادی
ئیسلام میلەتانی یەک خست برِیان لە دوژمنان برِست
تێکەڵ چوونی عەدڵ و زۆر بوو ئەو بە تفەنگ ئەم بە دەست‌ومست
بەهمەن بەهاری ئازادی
دوژمن هەر تاوە نا تاوێک دەیرِشت خوێنی پیرێک لاوێک
هەزاران سەر کەوتنە عەرزی بۆ پاراستنی کەلاوێک
بەهمەن بەهاری ئازادی

کوردی کوردیش وەک تەڕدەستان بە جەڵدی بۆ شۆڕش هەستان
لەگەڵ میللەتان یەک کەوتن تا سەر نەکەوتن نەوەستان
بەهمەن بەهاری ئازادی
برایانی مەهابادی یادگاری دەورەی مادی
خودا یار و یاوەرتان بێ جێژنەتان پیرۆز بە شادی
بەهمەن بەهاری ئازادی

# هەڵەبجە

هەڵەبجە شاری ویران کراوم
بۆمی شیمیایی پێدا دراوم
بووکی رازاوەی کوردستانی جوان
وەک باخچەی گوڵان لەنێو کوردستان
ئەو شارەی باغات دەورەی لێدا بوو
وەک باخچێک بە گوڵ پەرژین کرا بوو
کەژ و کێو و هەرد دەشت و کوێستانی
شوێنەوارێک بوون لە جیلوە وجوانی
ئێستا لەو هەموو گوڵ و سونبولە
وەدەس هێنانی گوڵێک موشکولە
لە هەر لا تەرمی لاو بالا بەرزان
کەوتوونە سەر یەک وەک گەڵا رێزان
ئەو شێرە خۆرەی نازداری دایە
وەک سەرە بزووتێک هەر لە لانکایە
دایکی دڵ سووتاو بابی جەرگ رەش
غەرقن پێ تا سەر سەر تا پا لە هەش
دار و دەوەن و هەرد و بەرد سووتان
ئێمەش جەرگمان سووتان لە دووتان
هەر کەسێ بۆمی وای پێداداوی
لەت لەت بێ جەرگی رەش بێ هەناوی

سەددام دوژمنی کۆنی کوردانە
بلێی هەر وابێ دەور و زەمانە
ئەی لاوی ئازا مەرد و مەردانە
تۆڵەی بستێنە بەڵام کوردانە
هەڵەبجە هەر چەند خانوو رووخاوی
مەزرا و کشت و کاڵ بەرهەم سووتاوی
بەڵام کێوەکان هەروا سەر بەرزن
بە بای حەوادس یەک دەم نالەرزن
ئەوەش نیشانەی پایەداری‌یە
دوژمن هەر بەوە دەردی کاری‌یە
رۆژێک دێ کوردان تۆڵەت بستێنن
ئاو لە جێ ماڵی دوژمن دەر بێنن
بەڵام پەژارەی داخی ئەو شارە
بە نووکی قەڵەم نایەتە ژمارە

# زەنجیر

شەو لە من داهات کە هاتی زولفەکانت شانەکەی
تا سبەینێ رووت لە من دەرکەوتەوە نیشانەکەی
شانە هەر وەک من ئەسیری داوی زولف و پەرچەمە
وەک سەفی زەنجیر لە پێ وایە ددانە و دانەکەی
شوێنەواری کۆت و زنجیر لە نێو کیژانی کورد
تۆقی زێرینی لە ئەستۆدا لە پێ پاوانەکەی
ناسرەوم هەر شەو لە بەر بیر و خەیاڵی وردە خاڵ
بیری وردی من کە پێوەندی بە دام و دانەکەی
گوڵ لەنێو بەرگ و گەڵای خۆی دابێ جیلوەی جوانترە
بۆیە وا جوانی دەرازێنێتەوە کۆڵوانەکەی
من مژۆڵم بۆیە پەرژین کردووە بۆ چاوی خۆم
تا حەسارێک بێ لە دەوری وێنە رێک و جوانەکەی
(سەیید) ئەورۆ شێعرەکانی بوونە نوقڵی مەجلیسان
خۆی بەڵام کەس یادی لێ ناکا وەکوو ئەفسانەکەی
وەک کتێبێکی موقەددەس دەچتە سەر تاقەی دڵان
گەر لە دوای مەرگی کەسێ چاپی بکا دیوانەکەی

# تەناف

لەو هەموو زولفە رەشەی تۆ بەسە تەنیا داوێ
بۆ مەلی بێ پەڕ وپۆی دڵ کە تەنافی ناوێ
زولفی زۆر کەچرەوە راستی لە دەهۆی ترساوم
هەر بە شۆخیش کە دەسی بەرمێ لە داوم داوێ
پێم دەڵێ فکر و خەیاڵ تازە نەرێژم ئەسرین
داخەکەم پۆش و پووار ناگرێ بەری سێڵاوێ
نامەوێ قەت خەمی تۆ دەرچێ لە دڵما چونکە
هەر خەمی تۆیە خەمی دیم لە دڵی دەرداوێ
وا نەسووتاوە دڵم خۆ بە تەقەلای ئەسرین
کوفت و کۆی دابمرێ یا بە شەپۆلی ئاوێ
رۆژی رووت دەرخە سبەینانە لە باڵات جوانە
لە بڵندان کە دەدا تیشکی گزنگی تاوێ
من هەموو عومری درێژم کە لە رێی تۆ دانا
بەو سەری زولفە بڵێ بگری دەسی داماوێ
دڵی موشتاقی من ئەورۆکە ئیشارێکی بەسە
وەکوو سەد تیر و خەدەنگیش نیە سیلەی چاوێ
(سەیید) ئەمجارە گرێی دڵ مەکەوە بۆو زولفە
تۆ کە پوختەی مەبە گیرۆدە بە دەستی خاوێ

# جامی جەم

دڵ لە ئاڵۆزانی زولفت بۆچی خاترجەم نەبێ
بۆتە ئاوێنەی جەماڵی تۆ کە جامی جەم نەبێ
یادی زولفی تۆ بە شەوگاری درێژ هاورازمە
من هومێدم وایە سایەی قەت لە سەر من کەم نەبێ
ئێستە گەر تۆش لێم نەپرسی جێی گلە و شکوا نیە
موددەتێکە من لە بیری کەس نەماوم خەم نەبێ
من کە وەستام وەکوو کێوێک لە بەر دەرد و خەما
کێو و کوێستان قەت سەری نابێ بە هەورو تەم نەبێ
جێی سەری موویەک لە دنیا جێم نیە جێی خەم نیە
وەک نەسیمی بەربەیان لای زولف و نێو پەرچەمنەبێ
من کە بێ یار و دیارم یەک دەم ئارامم نیە
دیارە سینەش بۆ نەفەس تەنگە ئەگەر هاودەم نەبێ
دوێ شەوێ وەختێ کەهات بۆلام دەممماچکرد کوتم
هاودەمیت خۆشە کە هاودەم ژەمژەم و دەمدەم نەبێ
کاتی وەسڵت خۆ نەفەس ڕێی هات و چۆی نابێ ببێ
جێیە وی لێبێ دەبێ ئەشخاسی نامەحرەم نەبێ
ئاو پڕیشکێنی دڵی کردم بە شێعری جوان (سەیید)
کێ دەزانێ قەدری گوڵ دڵ تەڕ وەکوو شەونم نەبێ

# بەشە گۆشت

جـێژنی قـوربانە و لە بـریان و کـەباب مـن بـێ بـەشم
هەرچی قرچەی دێ لەسەر سۆبەم کزەی جەرگی رەشم
چوومە مـەیخانە لەوێش لێـوم بـە جـامێک تـەڕ نـەبوو
تازە دەسکەوتی ئەویش هەر بوو بە فـرمێسکی گـەشم
هەر مەلی دڵ بوو کـە قـوربانی بکـەم چـی دیـم نـەبوو
غەیری ئـاخ و داخ لە شـۆرباوی بـەشی خـۆمی کـوشم
رووم لە هەر کوێ کرد بەشی خۆمم بداتـێ پـێی نـەدام
وا دیـارە مـن لە هــەر لابــێ نــەسیب و بــێ بـەشم
کەس نیە گوێ بگـرێ بـۆ دەردی دڵی (سـەیید) هـەتا
دەردی خۆم وەک گۆشتی قوربانی بە سـەریا دا بـەشم

## ئەم دنیا حیزە

دۆســـتم ئـازیزم ئـایا زانـیوتە
دڵی زۆر یـــاران لە تـۆ ئـێشاوە
ئەم دنیا حیزەی تـۆوەپیش دەخـا
شەپ شەپێنی دێ زۆری بە دواوە
بۆ ماوەی قسە بە هیچ کەس نادەی
گەر پزووی چەنەت پسا و رەواوە
ئەگـەر پـێت وایـە دەراوت روونـە
لێی حاڵی نەبووی لێڵە سـەرچـاوە
بە گەرم و گورِ بـە لەگـەڵ یـارانت
تـا ئـاوری دەروون تـینێکی مـاوە
ئەو وردە بۆڵەی بەینی ئەتۆ و ئـەو
بوو بە..... خەسرەو هاتوونە بـراوە

## لە تاو بێ نانی

نـــانەواخـــانەی سـەیزادە خـــانم
نـانی زۆر جـوانـە ئـەمن و ئـیمانم
چوومە لای بـە شکـو نـانم بـداتێ
کـوتم مـوشتەری بـۆ نـۆبەی نـانم
کوتی وەتاغی ئـەسناف نـەنووسێ
نانت پـێ نـادەم قـەزات لە گـیانم
لە سەر و تەرحی منی خۆش نەهات
بـۆیە رووی خـۆشی نـەدا نـیشانم
هەر کەسێ دەهـات نـانی دەدایـە
هەر بـە مـن نـادا سـەیزادە خـانم

# شاری شنۆ

گەر دەپرسی لە من نشانی شنۆ
پێت بڵێم چۆنە شاری جوانی شنۆ
وەک دڵی رۆشنی ئەوینداران
کاتێ دێ بچتە جێ ژوانی شنۆ
ئەو دەمەی هەڵدەنیشێ ئاوی رنوو
خۆشە سەیرانی کوێستانی شنۆ
وەک بەهاری بەهەشتە رۆژی بەلام
زۆر لە رۆژ خوشترە شەوانی شنۆ
سەوز و پیرۆزە رەنگە خوار و ژوور
وەک یەکە عەرز و عاسمانی شنۆ
کۆمەڵێکی نەجیب و رۆشنبیر
خەڵکی ئەو شارە ساکینانی شنۆ
پڕ لە زانا و ئەدیب و دانشمەند
شەوچران بۆ دڵی گەلانی شنۆ
مەوتەنی شێخ ئەمین وئەحمەدی کۆر
شاری دلدار و عاشقانی شنۆ
بۆیە بازاڕی گەرمە شێعر و ئەدەب
لە دڵی ساردی کێوەکانی شنۆ
هەر کەسێ دێت و ئاورێ دێنێ
ئەمنیش دەستە چیلەکانی شنۆ
ئەی خوای گەورە خۆت بپارێزە
لە بەلای عەرزو ئاسمانی شنۆ

دڵی (سەید) لەوێ بە جێ ماوە
رەنگە بوویێتە باخەوانی شنۆ

# کەوی ماڵی

خەوێکم بوو کە تۆم تێدا دەدی ئەوشۆ خەویشم چوو
دڵم بۆ جار بە جار هاو سوحبەتێکم بوو ئەویشم چوو
بە پەرچەم رووی لە من پۆشی و لە پاشان رووشی وەرگێڕا
تەماشای بەختی رەش کە من کە رۆژم چوو شەویشم چوو
هەتا تۆم بووی چرای دڵ پەرتەوێکی بوو لە رووی تۆدا
کە تۆ رۆیی بە تەنیا مام چرام چوو پەرتەویشم چوو
نە چاو ماوە کە پێی بگریم نە دڵ ماوە کە بۆم بگری
هومێدیکم بە هەر دوو بوو لە میشم چوو لەویشم چوو
لە باخا دەنگی بولبول بوو لە کوێستان قاسپە قاسپی کەو
کە کوێستانم نەما و باخ بولبولیشم چوو کەویشم چوو
هەتا کێو و کەژم بوون ئاسکی کێویم بۆ کەوی بوو بون
کە دڵ ئەهلی نەما هەم ئاسکی کێوی هەم کەویشم چوو
هەموو شەو من خەیاڵی ویم لە باوەش دابوو ئێستاکە
بە گیانی تۆ قەسەم (سەیید) نە هەرشەو شەوشەویشم چوو

# زمانی یەکگرتوو

دڵم روونە بە هیوایەک من ئەورۆ
دەڵێن ئەستێرەیەک هەڵدێ لە ئاسۆ
وەرن کوردینە با یەک بێ زمانمان
دڵیشمان یەک گرێ بەشکوو من و تۆ
بریندارین ئەگەر هەردوو بە تیرێ
دەبا یەک بێ پەڕۆی سووتاوی بۆسۆ
قسەو یەک بێ موکوریانی و برادۆست
کە خوێناوی دڵە زووخاوی زاخۆ
زمانی حاڵی یەکدی گەر نەزانن
کە بمرن چۆن دەکەن شین و براڕۆ
ملوو هەر کەچ دەبێ بدوێن بە دوو جۆر
وەباڵی دوو زمانی خۆ و بە ئەستۆ
(سەیید) یەک بێ زمانمان فەرقی نابێ
کە هێنی ئێمەیە، وانێکی ئەنگۆ

# بەیبوونی خەت خەتی

کەی دێ بەهار هەڵاڵە و بەیبوونی خەت خەتی
بیهێننە روو بە نازەوە ئەم خاڵی ئەو خەتی
کوا ئاڵەکۆکە پرچی وەدم با بدات و بێ
پێشوازی نەوبەهاری بە سەری رووت و پایپەتی
ئەستێرەکەم بە لێوەلەرێ گەییە سەر سنوور
هێند ساردوسڕ بەروومەوە هات سوبحینەکبەتی
بووکی شکۆفە پەردە لە سەر رووی وەلا نەچوو
نەشکاوە گوڵ بە بای سەحەری شوێنی روومەتی
دەرد و خەم و پەژارەیی دڵ پێکەوەن هەموو
هەر چەندە کوت کوتە دڵم و جەرگ لەت لەتی
خەم باشە هەست و بیری دەروونم دەخاتە یەک
شادی بەڵێ کە خۆشە دەترسم لە غەفڵەتی
وا دیارە نەوبەهاری من ئەورۆ نەگاتە جێ
گەر بێش (سەیید) بە داخەوە نەیماوە مۆڵەتی

# داری تەقڵە

هەر وەکوو خونچە ئەگەر دایم لە سەر داران نەبم
شەونمێکی سەر سپاردەی باخ و گوڵزاران نەبم
سورمە نیم نازداری پێش چاوان بم و بەر دڵ کەوم
ئەشکی دا کەوتوو لە سەر رێبازی نازداران نەبم
یەک نەفەس وەک جاری جاران نایە تا گیانێک نەبا
یەک نەفەس عومرێکە بۆ من هاودەمی جاران نەبم
هێندە من سەرکوت کراوم و کەوتم و هەستامەوە
بوومە داری تەقڵە گەر دار دەستی ناسواران نەبم
وەک نەسیم سووک باڵ و بێ ویستێکی دڵ دێم و دەچم
بۆ ئەوەی باری گرانی خاتری یاران نەبم
دڵ لە داوی پەرچەم و زولفی پەرێشان کەوتووە
خاترم جەم نابێ تێکەڵ کۆڕی دڵداران نەبم
وەک کزەی بایەک وەرە مەزرای دڵم زەنویر بکە
خونچە با بکرێتەوە و موحتاجی باو باران نەبم
وەعدەیی داوە بەهار بێت و بە سەرما رابرێ
یا خودا بای وەعدە بێ و مەحروومی دیداران نەبم
پەردە بازی رێگەیی بەینی وەفا و یارە(سەیید)
چۆن دەبێ پێ شێلی لۆمەی یار و ئەغیاران نەبم

# لە زمان سروەوە

گلەیی لە سروە مەکەن شێعرەکان و چاپ نابێ
بزانە هەرچی بنووسرێتەوە کیتاب نابێ
لە کانی دڵتەوە بێ و تازە بێ دەنا شتی کۆن
هەزار ساڵە لە خاکا بێ دوڕڕی ناب نابێ
بە بیری وردەوە بیکۆڵەوە قسەی دڵی خۆت
لە هێڵەگی بدە دیققەت بکە خراپ نابێ
بە ناوەرۆکی تەماشا کە سەد مەنی کاغەز
کە مەعنەوی نەبێ قەت مەسنەوی حیساب نابێ
هەتا بە تیشکی هەتاو شەونمێک لە گوڵ نەوەرێ
هەوای باخ و چەمەن خۆ بە ئاب و تاب نابێ
بە غەیری زولفی پەرێشانی یار خاترجەم
ئەگەر خەیاتە بێ یا بەن درووتەناب نابێ
هەزار شێعر بە ناڵە دەگاتە گوێی سروە
وە پشتی گوێ دەکەوێ و چاپ و ئینتیخاب نابێ
دڵێکی وا کە بە ئاوری ئەوینێ پوختە نەبێ
(سەیید) بە گیانی تۆ هەر خاوە بۆ کەباب نابێ

# ڕێبازی ئەوین

تاپێکی سەری زولفی وەدەس دێنم و جیا دێم
ڕێبازی ئەوین پڕ خەتەرە دەس بە عەسا دێم
هەردەم کە نەسیمێکی وەفا بێت و بدا لێم
وەک پووشێ بە دم باوە بێ بۆ لات بە سەما دێم
ڕازیم بە ڕەزای تۆ چ وەفات بێ چ جەفات بێ
گیرۆدەیی تۆم من بە جەفا دێم بە وەفا دێم
کووژاوە بە شەوگاری ژیان هەرچی چرام بوون
ئەوشۆکە بە شۆقێکی شەمی چۆڵە چرا دێم
هەر دەم کە گوڵێ دەس کەوێ بۆ شەمعی مەزارم
مردن پەلە بۆ من مەکە بۆ خوم بە پەنا دێم
هەر دەرد و پەژارەی وەتەنە بۆتە گرێی دڵ
ڕێی چارەیی ئەو دەردە نیە پێیەوە رادێم
هەروا لە سەرم دایە هەوای کاکۆڵی (سەیید)
دڵ بۆیە پەرێشانە منیش سەر بە هەوا دێم

# خەوێکی خۆش

دوێ شـــەوێ مـن خـەوێکی خـۆشم دی
رۆژی شـــایی بـــوو چـــوومە داوەتـــەوە
ســـەیرە خـــۆشی بـــە خـــەو بـــبینم مـن
کـــە بـــەشی مـــن بـــە خـــەم بـــڕاوەتـــەوە
کـــۆنە دۆکـــەم بـــە پـــێکەنینەوە هـــات
دەم و لێـــــویشی بـــــەو حـــــەڵاوەتەوە
دەست و دڵ باز بوو دەستی دڵمی گـرت
بـــــە کـــــەمی نـــاز و زۆر ســـەخاوەتەوە
نـــەفەسم باوەشێنی رووی بـــوو ئـــەویش
ئـــــاورێ بـــــوو بـــــە بـــا گـــەشاوەتەوە
یـا وەکـوو ئـەم گـوڵەی لە سێبەری بـاغ
بـــــە نـــــەسیمی ســـەحەر حـــەساوەتەوە
مـــن بـــە حـــاستەم دەسم لە مـــەمکی دا
مـــــوددەتێ ســـینگی هـــەر لەراوەتـــەوە
دەمـــــی نـــابوو بـــە گـــوێیەوە دەیگـــوت
بـــۆ چـــی پیر بـــووی قـــەدت چـــەماوەتەوە
پـــێم گـــوت ئـــاخر دەزانـــی عـــومرێکە
بـــــە خـــــەمی تـــــۆ دڵم تـــــلاوەتەوە
هـــەر قســـەی خـــۆشە جاروبار دەیـڵێم
وەک یـــەخەی تـــۆ دەمـــم کـــراوەتـــەوە

خەوی خۆشم چوو راپەڕیم لە خەوا
خەوەکەم خۆش بوو بۆم گراوەتەوە
من کە دنیا کە پشتی تێ کردووم
بە چ رووێکی دەچمە داوەتەوە
بۆ منی داخ لە دڵ وەکوو لالە
دەرد و داخێک نەبێ چ ماوەتەوە
شایی ئەورۆکە روو لە من ناکا
شینی ئاواڵە بۆم ژیاوەتەوە
قافییەی شێعرەکەت هەراوە(سەیید)
جێگە بۆ تەنگ نەزەر نەماوەتەوە

# کەوی کوڵاو

ئـەمرۆکە کـاکـە خـوێندمەوە شـێعرەکـانی تـۆ
وا دیارە بووی بە شاعیر و پـیاوێکی سـەر بـەخۆ
پێم خۆش بوو وا بە سەر ڕەوو غار هاتیە نێو ڕەوە
هەوساری بەندەگیت لە مـلا کـردە لەتک و پـۆ
فەرمووتە چۆنە شـێعرەکـەم و وەزن وقـافییەی
بێ تیک و پینە نین ئەگـەر بـۆت نـەکـەم پـەڕۆ
تەبعت هەیە ئـەگـەر بـتەوێ دەبـیە شـاعیرێک
دایم هەناسە سـارد و خـەفەت بـار و ڕەنـجەڕۆ
ساف و ڕەوان نیە وەکوو فرمێسکی چـاوی مـن
ڕەوتی بە قۆرتە قۆرتە وەکوو ئـەسپی وشکـەڕۆ
ئەو شێعرە کاکە پوختە نـیە وەک کـەوی کـوڵاو
لایـق نـیە بـە سـوفرەیی ئـەشخاسی نـوکتە جـۆ
فرمێسکیگەرموخوێنیجگەرخواردنەوەی دەوێ
تا دەبیە شاعیرێکی سوخەن سـەنج و بـەزلەگـۆ
تـا نـیوەشەو نـەنووی و لە بـەر دووکـەڵی چـرا
بەیتان بڵێ و قافییە ساز کەی بە جـوست و جـۆ
زولفێکی یار بە دەستەوە بگری و بە بیری خۆت
بـیهۆنیەوە بـە شـێعرەوە بیکەی بـە تـارو پـۆ
ئەمجارە شێعرەکەت بە ئەم و ئەو نیشان بـدەی
یەک بـۆت بکـا پـەروو یـەکـێ خـۆت بکـا تـرۆ
ئەو وەختە ڕەنگە ببیە هـونەرمەند و شـاعیرێک
وەک من هەناسە سارد و خەفەت بار و ڕەنجەڕۆ

# دۆستی کۆن و ئاشنای تازە

بـــە لای ئـــەهلی پـــاتۆڵ و کـــەوا بـــووی
کـــە ئـــێستا لایـــقی شـان و عـەبا بـووی
بە جـوانـی مـەرد و ریـند بـووی و رەزا سـووک
بـــە پـــیری فـــێری ئـەتوار و ئـەدا بـووی
وەبـــــیرت نـــــایە دەورانـــی جـــحێڵی
لەگـەڵ مـن چـەندە بـا مـێهر و وەفـا بـووی
دڵم گـــەرمی وەفـــایە مـــن هـــەتا هـــەم
ئـەتۆ کـەنگێ وەهـا سارد بـووی هـەتا بـووی
بـــە تـەنیایی ئـەمن خـۆم عـالەمێک بـووم
هـەتا هـەر تـۆم هـەبووی تـۆم ئاشنا بـووی
ئـەمن بـۆ دەفـعی دوژمـن لەمـپەرت بـووم
ئـەتۆش بـۆ مـن هـەموو دەفـعولبەلا بـووی
کـــە چـــی ئـێستا کـە وەک نـۆ ئـاشنا وای
لە پـــێشیشدا بـــرادەر بـــووی بـــرا بـــووی
بـــە راســـتی نـــەمدەزانـــی ئـەم زەمـانە
لەوەش هـــەر حـــیزترە مـاڵی خـرا بـووی
لە خـــۆت گـــۆڕاوی یـا خـۆم لێ دەگـۆڕێ
هـــەوات تـێدایـە یـا بـادی هـەوا بـووی
بە جـوانـی خـۆت دەبـەخشم جـورمت ئـەمجار
گـــەر ئـیسباتی بکـەی ئـەمجارە چـا بـووی
بـــڕۆ (ســـەیید) لە قـەولی مـن بـڵێ پـێی
وەژێـــر ریشـی نـەدا ئـەو قـەولە دا بـووی

# منداڵی ناعاملاو

دایک و بـــابی لێ نـــەزان مـــنداڵی نـــاسولحاو دەبـــێ
هـــیچ‌وپووچ دەردێ لەکـــار بـــەدناو دەبـــێ بـــێ‌ناو دەبـــێ
زۆر بـــە نـــاز پـــەروەردە کـــردن بـــۆ مـــناڵ خـــێری نیە
گوڵ ئەگـــەر زۆری بـــدێری بـــێ گـــومان نـــاز ئـــاو دەبـــێ
چاو ئەگەر فـــرمێسک ئـــەرێژێ دانـــە دانـــەی گـــەوهەرە
زۆری پـــێ بگـــری بـــە رێـــژە و لێـــڵ دەبـــێ لێـــڵاو دەبـــێ
ســـــارد و گـــــەرمی رۆژگـــــارێکیش بـــبینی بـــاشترە
تـــیغی جـــەوهەردار بـــە مـــانە تـــیژ دەبـــێ تـــێراو دەبـــێ
گـــیانە مـــنداڵی هـــەتیو جـــەبری زەمـــان دەیکـــا بـــە شت
جا کە کچ بێ شێرەژن دەردێ کە کـــوڕ بـــێ پـــیاو دەبـــێ
داخەکەم بۆ و رووت و قووتانەی بە سەرمای زیندەگی
ئـــیحتیاجیان یـــا بـــە ئـــاور یـــا بـــە تـــینی تـــاو دەبێ
کچ کە حەبسی بێ هەمیشە هەر وەکوو تەیری قەفەس
رۆژێ دەفڕێ سەردەمێک موحتاجی دانـــەو ئـــاو دەبـــێ
کوڕ کە هەوساری بە دەس خۆی بێ وەکوو بارگینی تۆڕ
مـــانگرو جـــوتەوە شـــێن و شـــێت و نـــاعاملاو دەبـــێ
هـــەر مـــناڵێک خـــوێندەوار بـــێ بـــۆ ژیـــان ئـــامادە بـــێ
بابی سەر بە کـــڵاو دەبـــێ دایکـــیشی مـــل بـــە دراو دەبـــێ

# ماتەم

مــــن پــــەرێشانە دڵم ئـــەورۆکە غــەرقی مــاتەمم
وەک چــیای بــەرزم بەڵام گیرۆدەیی هـەور و تـەمم
نامەوێ کـەس بـاری دەردم هـەڵگرێ مـەمنوون دەبـم
هـەر ئـەوەندەی خـۆی نـەبێتە بـار و سـەرباری خـەمم
پیر بووم دەرد و خەمی دنـیام هـەموو جـۆر چـێشتووە
پــیرەدار دانــایە مــن بــەو بــارەوە چــۆن نــاچەمم
مــاڵی ئــەو زولفــە پــەرێشان بێ مـنی گـیرۆدە کـرد
ئێستە بەو خـۆشناوی‌یەی مـن بـووم ریسـوای عـالەمم
ڕۆژی ڕەش وا پڕتەوی رووی تۆی لە مـن شـاردۆتەوە
چــارەڕەش مــن تــازە هــیواداری شـوعلێکی شـەمم
تۆزی گـەردی ڕێگـەکـەت دەرمـانی زەخـمی دەردمـە
هەر بە هـیوای تـۆزی لوتـفی تـۆم و تـۆزی مـەرهەمم
نــــاڵە نــــاڵی دڵ دەلاوێــــنێتەوە کــۆرپەی خــەیاڵ
هەر شەوە تا ڕۆژ (سەیید) گـوێ ڕاگـری زیـر و بـەمم

# کوڕ بۆ تەنگانان

گەرچی پیر بووم و کەنەفتم مـن خـەمی دیکـەم نـەبوو
گەر لە دنیای بێ کەسیم دا هەر وەکـوو کـچ بـایە کـوڕ
ڕۆژی ڕەش بۆت مل بە کوێنە هەر نەبێ خەم خوارە کچ
